# پوختەیەك
# دەربارەی ڕۆژوو

نووسینی:
عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین

١٤٢٨ كۆچی
٢٠٠٧ زایینی

ناوی کتێب: پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو

نووسینی: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین

شوێنی چاپ: کۆمپانیای چاپو پەخشی نووسەر

نۆرەی چاپ: دووەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

تیراژ: ١٥٠٠

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە ( ٢٠)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

**مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك**

θ

﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ
تَتَّقُونَ(١٨٣)أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ
وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ وَأَنْ تَصُومُوا
خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(١٨٤)شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ
وَبَيِّنَاتٍ مِنْ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ
عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمْ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمْ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا
الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(١٨٥)وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي
فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِي فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ
يَرْشُدُونَ(١٨٦) أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ
لِبَاسٌ لَهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ فَالآنَ
بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمْ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ
مِنْ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنْ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ
عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ
لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾

ئەم چەند دێڕە پێشکەشە بە :

- ڕۆحی مەرحومی باوکی بەڕێزم ( مامۆستا سید نجم الدین طه )
- ئەو مامۆستایانەی لە پێناو گەیاندنی ئایینی ئیسلامدا وەکو مۆم خۆیان تواندەوە.
- ئەو کوڕ و کیژە گەنجانەی کە تەمەنی گەنجێتیان تەرخان کردوە بۆ ئیسلام
- هەموو ئەو خاوەن قەڵەمانەی کە بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان دەنوسن.

## گەورەیی مانگی ڕەمەزان

١. گەورەی هەموو مانگەکان مانگی رەمەزانی پیروزە، بە پێی ئەم فەرموودەیە ( سید الشهور رمضان و السید الایام الجمعة) صحیح ابن خزیمة.

٢. مانگی ڕەمەزان مانگی دابەزینی قورئانە ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ ١٨٤البقرة. مانگی رەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی پیروزی تیادا هاتۆتەخوار.

٣. مانگی بێدارکرنەوەی شەوە پیرۆزەکانە ﴿کان رسول الله (δ) یعتکف العشر الاواخر من شهر رمضان ﴾ پێغەمبەر (δ) (١٠) شەوی کۆتایی ڕەمەزان (إعتکاف)ی دەکرد و دەمایەوە تا بەیانی.

٤. مانگی سەخاوەتمەندی و بەخشینە (کان رسول الله δ اجود الناس، و کان اجود ما یکون فی رمضان ) پیغەمبەر (δ) زۆر بەخشەندە بووە، لە رەمەزانیشدا زیاتر بەخشندە بووە.

٥. مانگی شەونوێژو بەندایەتییە.

عن ابي هريرة (χ ) قال: قال رسول الله: (من صام رمضان ايمانا واحتسابا غفر له ماتقدم من ذنبه) متفق عليه.

هەر کەس ڕۆژووی مانگی رەمەزان بگرێت بە باوەڕێکی پتەوو بە ئومیدی گیرابونەوە، خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشوی خوش دەبیت.

٦. مانگی فەرزبوونی ڕۆژووە ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُم الشَهرَ فَليَصُمه ﴾ کەسیك گەیشتە مانگی رەمەزان با بە ڕۆژووبێت.

٧. مانگی خیرو بەرەکەت و دابارینی رزق و رۆزی یە بۆسەر بەندەکان قال رسو الله (δ) اتاکم شهر رمضان شهر خیر و برکة )هاتووەتە پێشەوە بۆتان مانگی ڕەمەزان، مانگی خێرو بەرەکەت.

٨. مانگی کردنەوەی بەهەشت و داخستنی دەرگای دۆزەخە ( قال رسول الله (δ) اذا دخل رمضان فتحت ابواب الجنة و غلق ابواب النار وصفدت الشیاطین﴾ رواه البخاري ومسلم.

کاتیك مانگ ڕەمەزان دێت دەروازەکانی بەهەشت دەکرینەوە و دەروازەکانی دۆزەخ دادەخرین و شەیتانەکان کۆت دەکرین.

٩. مانگی زۆرێك لە ڕوداوە گەورەکانە، زۆرێك لە روداوە گەورەکان وەك (جەنگی بەدرو، فەتحی مەککە ) لەم مانگە پیرۆزەدا رویان داوە.

١٠. مانگی لێخۆشبوونی تاوان وگوناهە.

## پێناسەی ڕۆژوو

ووشەی (الصوم ) لە زمانی عەرەبیدا بە دوو مان دێت:

١. بە مانای زۆر گەرم دێت.

٢. بەمانای خۆگرتنەوە دێت لە هەر کارێکدا وەك: (خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە، قسە کردن )، قورئانی پیروز لە داستانی حەزرەتی مەریەمدا کە بۆمان باس دەکات و دەفەرموویێت ﴿اني نَذَرتُ للرَّحمَنِ صوما﴾واتە: من نەزرم کردوە بۆ خوای گەورەکە بە رۆژوو ببم. ئەم رۆژووگرتنەی خاتوو مریەم مەبەستی پێی خۆ گرتنەوە بووە لە قسە کردن، وەك لە پاشماوەی ئایەتەکەدا دەفەرموویێت ﴿فلن أُكلم اليوم انسيا﴾ مريم (٢٦)

ڕۆژوو لە زاراوەی زانایانی شەریعەتدا واتە: خۆگرتنەوە لە (خواردن، خواردنەوە، جیماع کردن، هەموو کارێکی ناپەسەند) لە کاتێکی دیاری کراودا کە لە سپێدەی بەیانییەوە دەست پێ دەکات تا خۆرئاوا بوون، بە نیەتی بەندایەتی و نزیك بوونەوە لە خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمْ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنْ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنْ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ ١٨٧ البقرة.

## ڕۆژووی ڕەمەزان کەی فەرز کرا؟

ڕۆژووی ڕەمەزانی پیرۆز یەکێکە لە پێنج پایەکانی ئیسلام، ساڵی ( ٢)ی کۆچیدا لەسەر موسڵمانان فەرز کرا، ئەمەش لە پاش وەرچەرخانی قیبلە بوو لە ( بيت المقدس)ەوە بۆ (كعبە الله)ی پیرۆز.

لەم کاتەدا فریشتەی نیگا "جبریل" هات بۆ لای پێغەمبەر(δ) ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ.. . ﴾

ئەی ئەوانەی کە باوەڕدارن ڕۆژووتان لەسەر نوسراوە هەر وەك چۆنی لەسەر ئوومەتانی پێشوو نوسراوە، بەڵکو ئێوە پارێزگار دەربچن، لەپاش نازڵ بوونی ئەم ئایەتە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەر موسڵمانان فەرز کرا و وە بەیەکێك لە پایەکانی ئایینی پیروزی ئیسلام دانرا، وەك پیغەمبەر(δ) دەفەرمویت: ( بنی الاسلام على خمس، شهادة الا اله الا الله و ان محمد رسول الله، و اقام الصلاة و ايتاء الزكاة، وصوم رمضان و حج البيت مَن استطاع اليه سبيلا) رواه مسلم و بخاري.

## رۆژوی رەمەزان لەسەر کێ واجبە؟

بۆ واجب بونی رۆژو زانایان هەندیك مەرجیان داناوە لە سەر ئەو کەسە ئەگەر تێکرای مەرجەکانی تیادا بووئەوا دەبێت بە رۆژو بێت، ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی تیادا نەبوو ئەوا رۆژوی لە سەر واجب نییە:

١. دەبیت ئەو کەسەی رۆژو دەگریت موسڵمان بێت، کەواتە کەسیکی کافر رۆژووی لە سەر نیە چونکە ڕۆژوو عیبادەتە و کافریش لە ئەهلی عیبادەت نییە.

٢. دەبیت (باڵغ ) بێت ئەنجا ڕۆژووی لە سەر واجب دەبێت بەڵام ئەگەر پێش لەو تەمەنە ڕۆژووی گرت، ئەوا خەیری بۆ دەنوسرێت و کارێکی چاکی کردوە، هەر چەندە لە سەری واجب نییە.

٣. دەبیت ئەو کەسە (عاقڵ) بێت بەم پێیە کەسیکی شێت رۆژووی لەسەر واجب نیە ، پێغەمبەر(δ) دەفەرمووێت ( سێ کەس تاوانیان لە سەر نانوسرێت، منداڵ تا باڵغ دەبێت، شیت تا چاك دەبێتەوە، نوستوو تا لە خەوەکەی هەڵدەستێت ).

٤. ئەو کەسە توانای رۆژوگرتنی هەبێت: کەواتە پیریکی پەککەوتەی کەنەفت یا خود نەخۆشیەکی سەخت ڕۆژووی لەسەر واجب نییە، بەڵام دەبێت

"فديه" بدات، كه بۆ هەر ڕۆژێك بريتى يە لە تێركردنى هەژارێك بۆ يەك ژەم لە خواردنى مامناوەندى.

## مەرجەكانى دروستبوونى ڕۆژوو

ئەوەی كە پێشتر باسمان كرد مەرجى واجب بوونى ڕۆژوو بو لەسەر ئەو كەسە، ئەوەی كە لێرەدا ئاماژەی پێ دەكەين مەرجى دروست بوونى ڕۆژووە:

١. موسڵمان بێت.

٢. عاقڵ بێت.

٣. نيەتى ڕۆژووى هێنابێت و مەرج نييە نيەتەكەى بە زبان وتبێت، پێغەمبەر (δ ) دەفەمورێت (إِنَمَا الاعمالُ بالنيات ) رواه البخاري و مسلم

٤. دەبێت كاتەكەی وابێت ڕۆژووگرتن تيايدا دروست بێت چونكە ڕۆژووگرتن لە هەندێ ڕۆژدا دروست نييە وەك (ڕۆژى جەژنى قوربان و ڕەمەزان)، ئەگەر ئافرەت بوو دەبێت پاك بێت لە خوێنى مانگانە و منداڵبوون

## ڕۆژووى ڕەمەزان كەی واجب ئەبێت؟

بەپێی مەزهەبى پێشەوا (شافعى) خواى لێ ڕازى بێت مانگى ڕەمەزان واجب دەبێت لەسەر موسڵمانان ئەگەر هاتوو (پياوێكى موسڵمانى باڵغى عاقڵى ڕاستگۆى داد پەروەر) شايەتيدا كە مانگى بينيوە ئەوا پێويستە موسڵمانان بە ڕۆژوو بن.

بەپێى ئەم فەرموودە پيرۆزە (جاء أعرابى الى رسول الله (δ ) فقال: إني رايت هلال رمضان، فقال: اتشهد ان لا إله إلا الله؟ قال: نعم. . . قال أتشهد أن محمداً رسول الله؟ قال: نعم. . قال يا بلال: أذن في الناس فليصوموا غدا) رواه ابو داود و الترمذي. واتة: "پياوێكى دەشتەكى هاتە خزمەتى پێغەمبەر و وتى: مانگى ڕەمەزانم بينيوە. پێغەمبەر (δ ) فەرمووى شايەتى دەدەيت كە هيچ پەرستراوێك نييە جگە لە خوا و موحەممەد نێردراوى خوايە؟ پياوەكە وتى:

بەڵی، پێغەمبەر فەرمووی ئادەی بیلال لەناو خەڵکیدا بانگ بدە کە سبەینیٚ بە ڕۆژوو بن. بەڵگەی واجب بوونی ڕەمەزان بە مانگ لە چەند فەرموودەیەکدا ئاماژەی پیٚ کراوە، کە ئێمە لێرەدا تەنها ئەم دوو فەرمودەیە باس دەکەین. .
پێغەمبەر (δ ) دەفەرموویٚت: ( صُومُوا لِرؤيَته وافطروا لرؤيَتهِ فَان غُمَّى عِلِيكُم فَاكملِوا ثلاثين) رواه البخاري و المسلم. واتە: بە بینینی مانگ ڕۆژوو بگرن و هەر بە بینینی مانگ جەژن بکەن، ئەگەر هەورو تەم بوو مانگ دیار نەبوو ئەوا ( ٣٠)ی ڕێك تەواو بکەن، واتە: ئەگەر لە "مانگی شەعبان" دا بوون (٣٠) ڕۆژ لە شەعبان تەواو بکەن ئەنجا بچنە سەر ڕەمەزان وە ئەگەر لە ڕەمەزاند بوون (٣٠) ڕۆژ تەواو بکەن ئەنجا بچنە سەر مانگی شەوال، ئەمە لە کاتێکدا کە هەور بوو مانگ دیار نەبوو، خۆ ئەگەر مانگ دیار بوو دەبێت بە گوێرەی مانگ بێت، بۆیە هەندێك جار (٢٩) دەردەچێت.

پێویستە لەسەر خەڵکی بە (فرض كفائي) بگەڕێن بە شوێنی مانگدا لە دوای خۆر ئاوا بوونی ڕۆژی (٢٩)یەم لە مانگی شەعبان وە ڕۆژی (٢٩)یەم لە مانگی ڕەمەزان تا بزانن ئایا بەڕۆژوو بن یان نا ئەگەر مانگ بینرا و ڕاگەیەنرا پێویستە لەسەرهەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕ بە ڕاستی هەواڵەکە دەکەن بە ڕۆژوو بن با ڕاگەیاندنەکە بە ( ڕادیۆ و یان تەلەفزیۆن یاخود تەقاندنی تۆپیش بێت ئەوا فەرزە بە ڕۆژوو بن ).

## بۆچی رەمەزان لە ساڵی قەمەریدایە؟

لە دانانی مانگی رەمەزان لە ساڵی قەمەریدا چەند حیکمەتێك هەیە. دیارە هیچ کارێك لە کارەکانی خوای گەورە بیٚ حیکمەت نییە. لێرەدا ئاماژە بە دوو لەو حیکمەتانە دەکەین:

١. هەڵبژاردنی مانگی قەمەری نیشانەیەکی گەورەیە چونکە بە مانگ دەست پیٚ دەکات و بە مانگ کۆتایی دێت، دورە لە هەموو هەڵەو کەموکورتیەك لە هەموو ماوەی ژیانی مرۆڤایەتیدا. بۆیە پێغەمبەر (δ) دەفەرموویٚت: ( صوموا لرؤيته وأفطروا لرؤيته ) رواه البخاری و مسلم.

٢.ساڵی مانگی کەمترە لە ساڵی هەتاوی بە (١٠) رۆژ لە بەر ئەوە هەموو ساڵێك ڕەمەزان (١٠) ڕۆژ پێش دەکەویت، بۆیە لە ماوەی (٣٦) ساڵدا رەمەزان یەك دەوری تەواو دەداتەوە، وە هیچ ڕۆژێکی ساڵ نامێنێت کە موسڵمان ڕۆژووی تیادا نەگرتبێ هەر لە ڕۆژی کورت و درێژ و سارد وگەرم، بەمەش موسڵمانان یەکسانن لە نارەحەتی سەرما و گەرما چەشتن لەو مانگە پیرۆزەدا.

واتە: ئەگەر مرۆڤیك لە تەمەنیدا (٣٦) رەمەزانی گرتبێت ئەوە مانای وایە لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا ڕۆژووی گرتووە.

## پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان

لە کاتی نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزاندا سوننەتە موسڵمانان خۆیان ئامادە بکەن بۆ پیشوازی لەو مانگە پیرۆزە.. . ئەم پیشوازی کردنەش بە کردارو رەفتار و گوفتار دەبێت، هەر لە سەرەتادا بە تەوبە و پەشیمانی و ئیخلاصەوە بەرەو پیشوازی ڕەمەزان بچێت و نیەتی هە بێت کە لەم مانگەدا بەندایەتیەکان زۆرتر بکات و زیاتر لە جاران یارمەتی هەژاران و فەقیران بدات وە خوشحاڵی لە نێو چاوانێدا دیار بێت بۆ پێشوازی لەم مانگە بەڕێزە و بەرنامە دابنێت بۆ سود وەرگرتن لە شەوو ڕۆژەکانی و هاندانی ماڵ و منداڵی لە سەر گەرم بوون بە عیبادەت و پاڕانەوە. . . . پێغەمبەر (δ) لە کوتا ڕۆژی مانگی شەعباندا لە خوتبەیەکدا فەرمووی (ئەی خەڵکینە! وا مانگێکی گەورە هاتۆتە پێشەوە بۆتان، مانگیك کە شەوێکی تیادایە خەیری هەزار مانگی هەیە. کە خوا ڕۆژووگرتنی تیادا فەرز کردووە، شەونوێژی تیادا بەخشیوە، هەر کەس بتوانێت کارێکی خێری تیادا ئەنجام بدات، ئەوە وەکو ئەوە وایە کارێکی فەرزی ئەنجام دابێت، هەر کەسیش فەرزێك ئەنجام بدات ئەوە وەکو ئەوە وایە حەفتا فەرزی ئەنجام دابێت، ئەم مانگە مانگی صەبرە، صەبریش پاداشتەکەی بەهەشتە، مانگی یەکسانییە، مانگێکە تیایدا ڕۆزی بەندەکان زیاد دەبێت ).

لەبەر ئەوە سوننەتە مرۆڤی موسڵمان بە پێشوازییەکی چاکەوە بەرەو ڕەمەزان بچێت، پێغەمبەر (δ ) لە فەرموودەیەکدا ئەفەرمووێت:

( اتاكم رمضان شهر بركة يغشاكم الله فيه، فينزل الرحمة، و يحيط الخطايا و يستجيب فيه الدعاء، ينظر الله تعالى الى تنافسكم فيه و يباهى بكم الملائكة فاروا الله من انفسكم خيرا، فان الشقى من حرم فيه رحمة الله عز وجل) رواه الطبراني.

## فەرزەكانی ڕۆژوو

١. پێویستە نیەتی هێنابێت و نیەتەكەی لە بەشێكی شەودا بێت، ئەگەر نیەتەكەی لە دوای نوێژی بەیانییەوە بوو ئەوا ڕۆژوەكەی دروست نییە بە پێی ئەم فەرموودەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەموێت ( من لم يبت بصيام من الليل فلا صيام له ) رواه النسائي. واتە: هەر كەس لە شەودا نیەتی ڕۆژووی نەهێنا، ئەوا ڕۆژووەكەی دروست نییە. بەلاَم لە ڕۆژووی سوننەتدا ئەتوانرێت لە دوای نوێژی بەیانیشەوە تا (زوال) نیەت بهێنێ بەو مەرجەی هیچی نەخواردبێت (عن عائشة (رضى الله عنها ) قالت: دخل على النبي (ﷺ) ذات يوم فقال: ﴿هل عندكم شي ء؟ ﴾ قلنا: لا. . . قال: ﴿ فانى إذا صائم. . ﴾ ثم اتانا يوم اخر فقلت: اهدى لنا حيس.. فقال: ﴿ أرينه فلقد اصبحتُ صائما﴾. واتە: پێغەمبەر جارێكیان چوو بۆ لای خاتوو عائیشە پێی فەرموو: هیچمان هەیە بیخۆین؟ وتی نەخێر. . پێغەمبەر (ﷺ ) فەرموی كەواتە من بەڕۆژوو دەبم ، پاشان ڕۆژێكی تریش هەر بەو شێوەیە بوو، خاتوو عائشە وتی "حەیس" یان بۆ هێناوین – جۆرە خواردنێكە تێكەڵە لە خورما و ڕۆن و شتی تر– پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بیهێنە " من تا ئێستا بەڕۆژوو بووم " پاشان خواردنەكەی خوارد، ئەمەش ئەوە دەردەخات مرۆڤ ئازادە لەوەی كە ڕۆژوەكەی تا سەر ببات یاخود بیشكێنێت، وەكو پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرمووێت: ( الصائم المتطوع امين او امير نفسه، ان شاء صام وان شاء افطر ) رواه أصحاب السنن. واتە: مرۆڤی ڕۆژووەوان ئەگەر ڕۆژوەكەی سوونەت بوو خۆی بەرپرسی خۆیەتی ئەتوانێت ڕۆژوەكەی بگرێت و ئەشتوانێ بیشكێنێ، وە هەروەها سوونەتە ئەگەر ڕۆژێك خواردن نەبوو بیخۆیت ئەو ڕۆژە بە ڕۆژوو بیت، شایەنی باسە

بەمەرج نەگیراوە نیەت هێنان بە زوبان بووترێت بەڵکو ئەگەر بە دڵ نیەتی هێنا ئەوا ڕۆژوەکەی دروستە، ئەمەش تێکڕای زانایان یەك دەنگن لەسەری، پێشەوا ئیبن تەیمیە دەفەرمووێت: هەر کەس بزانێت سبەینێ ڕەمەزانە و بیەوێت بەڕۆژوو بێت ئەوە نیەتی هێناوە، ئیتر جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەی کە نیەتەکەی بەدەم دەربڕیبێت یا خود لە دڵیدا نیەتی هێنابێت وە دەبێت بۆ هەموو ڕۆژیکی ڕەمەزان بە جیا نیەت بهێنێت، واتە: دەبێت هەمووشەویك نیەتی ڕۆژووی سبەینێ بهێنێت وە تەنها یەك نیەت بۆ هەموو مانگی رەمەزان بەس نیە.

٢. خۆی بگرێتەوە لە (خوارددن و خوارنەوە، جیماع کردن ).

٣. خوی بپارێزیت لە هەموو ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە، کە لە جیگای خۆیدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

## بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژووکە کە تەنها قەزاکردنەوەی پێویستە

ئەگەر رۆژەوان ڕۆژووەکەی بە هەر هۆیەك لەم هۆیانە شکاند ئەوادەبێت لە کاتێکی تردا ڕۆژووەکەی بگریتەوە:

١. هەرچی بچێتە ناو بۆشایی سك یان سەر ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە، کە زانایان نزیکەی (٢٥) شتیان ژمارددوە وەك: خواردن و خواردنەوە بە ئەنقەست، شاف هەڵگرتن لە یەکێك لە دووڕێگەوە.

٢. ڕشانەوە بە ئەنقەست وەك ئەوەی کەسێك بیەوێت خۆی بڕشێنێتەوە، وەك پیغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت ( من زرعه قيء فليس عليه قضاء، ومن استقاْ فاليقض ) رواه ابو داود.

واتە هەرکەس ڕشانەوە زۆری بۆ بهینێت وبڕشیتەوە ئەوا پێویست ناکات ڕۆژووەکەی بگریتەوە، وە هەر کەس خۆی بڕشینێتەوە ئەوە دەبێت ڕۆژووەکەی بگرێتەوە.

٣. دەرچوونی (مەنی ) لە ڕۆژوودا بە هوی دەست بازی و یاری کردنەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك شەو خەوت و کاتێك هەستا بۆ پارشێو هەستی کرد،

جلەگانی تەڕە و (مەنی )لێ دەرچووە ئەوا با ئەگەر توانی پێش نوێژی بەیانی خۆی بشوات، ئەگەر نەیتوانی دەکرێت نوێژەکەی بەیانی بە تەیەموم بکات و لە دوای نوێژدا خۆی بشوات وە ڕۆژووەکەی دروستە، ئاماژە بەم فەرمودەیە (ان النبی (ﷺ)یدرکه الفجر و هو جنب من اهله ثم یغتسل و یصوم )متفق علیه.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی هات بە سەرداو لەشی گران بوو لە هاوسەرەکانی پاش نوێژ خۆی شوری و ڕۆژووەکەی گرت. وە هەروەها ئەگەر کەسێك لە ڕۆژی ڕەمەزاندا خەوت کاتێك هەستا بینی(مەنی ) لێ دەرچووە ئەوە ڕۆژوەکەی ناشکێت، دەتوانیت خۆی بشۆریت و ڕۆژووەکەی تا سەر بگرێت، بەلاَم باش نییە کەسیك کە لەشی گرانە زۆربەی ڕۆژەکەی بەو شێوەیە بەسەر بەرێت، بەڵکو هەرکات بۆی ڕەخسا خۆی بشۆرێت بۆ ئەوەی لە نرخی ڕۆژووەکەی کەم نەبێتەوە.

٤. شێت بوون: کەسیکی ساغ لە پڕ شێت بێت ئەوا بە شێت بوونەکەی ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبیتەوە.

٥. هەڵگەڕانەوەی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام: واتە لە کاتی ڕۆژوو گرتنەکەدا ئەو کەسە پاشگەز دەبێتەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە چونکە ڕۆژوو بەندایەتی یە، کافریش لە ئەهلی بەندایەتی نییە.

٦. دەرکەوتنی خوێنی مانگانە و منداڵ بوون لە ئافرەتدا: ئەو ئافرەتانەی کە ئەو خوێنە دێت بە سەریاندا ڕۆژەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە تا خۆیان نەشۆن ناتوانن ڕۆژوو بگرن پاشانیش دەبێت ئەو ڕۆژووانە بگرنەوە کەلە کیسیان چووەبەهوی خوێنەکەوە.

ئەگەر ئافرەتێك پێش پارشێو هەستی کرد پاك بوەتەوە لە خوێن ئەوا دەتوانێت نیەتی ڕۆژوو بهێنێت و لە دوای نوێژی بەیانی خۆی بشوات وە ڕۆژووەکەشی دروستە.

## بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو کە قەزاو کەفارەتیشی پێویستە

جیماع کردن واتە: تێکەلاوی کردنی ئافرەت، بەڵام بە مەرج نەگیراوە (مەنی) لێ دەربچێت، بەڵکو هەر بە بە تێکەلاوی کردنەکە ڕۆژووەکەی دەشکێت و قەزا و کەفارەتیشی لە سەرە لە بەرامبەردا ئافرەتەکە هیچی لە سەر نییە تەنها قەزاکردنەوەی ڕۆژووەکەی نەبێت، کەفارەتیش بۆ پیاوەکە بریتیە لە یەکێك لەم سیانە:

ا: ئازاد کردنی بەندەیەکی موسڵمانی بێ عەیب.

ب: دوومانگ ڕۆژوو گرتن لە سەر یەك.

ج: تێر کردنی (٦٠) هەژار لە خواردنی ژەمیکی مام ناوەندی.

ئەو پیاوەی کە لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا جیماعی کردووە لە گەڵ خیزانەکەیدا ئەوا ڕۆژووەکەی دەشکێت دەبێت پاشان بیگرێتەوە و کەفارەتیشی بۆ بدات، ئەگەر کۆیلە هەبوو دەبێت کۆیلەیەکی موسڵمان ئازاد بکات ن ئەگەر نەبوو دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بە بەردەوامی بە ڕۆژوو بێت، ئەگەر هەردوو مانگەکە بە ڕۆژوو بوو پاشان یەك ڕۆژی بەین خست ئەوە دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە، ئەگەر هیچ بیانوویەکی شەرعی نەبوو، ئەگەر ئەمەشی پێ نەکرا دەبێت (٦٠) هەژار تێر بکات لە خواردنی ژەمێکی مام ناوەندی، بەڵگەی ئەمەش ئەم فەرموودەیە کە لە پێغەمبەرەوە (δ ) باس کراوە: ( جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (δ) ناوی " سەلەمەی کوڕی صەخر " بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە هیلاکدا چووم.. پێغەمبەر(δ) فەرمووی: چی بە هیلاکیدا بردویت؟ پیاوەکە ووتی: لە ڕۆژی ڕەمەزاندا جیماعم کردووە لەگەڵ خێزانەکەمدا.. . پێغەمبەر (δ) فەرمووی: ئەتوانی بەندەیەك ئازاد بکەیت؟ پیاوەکە وتی: نەخێر، پێغەمبەر (δ) فەرمووی ئەتوانی ( ٦٠) ڕۆژ لەسەر یەك بەڕۆژوو بیت؟ پیاوەکە وتی: نەخێر، پێغەمبەر (δ ) فەرمووی: ئەتوانی خواردنی (٦٠) هەژار بدەیت. پیاوەکە وتی: نەخێر. پاشان پێغەمبەر بەرچنەیەکی هێنا کە خورمای تیادا بوو فەرمووی بە پیاوەکە: ئەم خورمایە ببەخشەوە.

پیاوەکە وتی: جا کێ لە من هەژارترە ئەی پێغەمبەری خوا (δ)، سوێند بە خوا لەم شارەدا لە ئێمە هەژارتری تیادا نییە، پێغەمبەر(δ) ئەوەندە پێکەنی هەتا ددانە پیرۆزەکانی دەرکەوت، پاشان فەرموی: بڕۆ بیدە بە ماڵ و منداڵەکەت.

بەم فەرموودەدا دەردەکەوێت کە کەفارەت واجبە، ئەگەر نەیتوانی هیچ کام لەو سیانەی سەرەوە ئەنجام بدات ئەوا کە فارەتەکە لە ئەستۆیدا دەمێنێتەوە.

کەفارەتی جیماع بەسراوە بەو ڕۆژانەی کە جیماعی تیادا کردوە نەك بە ژمارەی ئەو جیماعانەی کە لە یەك ڕۆژدا کردویەتی، واتە: ئەگەر دوو ڕۆژ لەسەر یەك جیماعی کردبوو ئەوا دوو کەفارەتی لەسەرە، بەڵام ئەگەر یەك ڕۆژ دوو جیماعی کردبوو ئەوە یەك کەفارەتی لەسەر.

## ئەو شتانەی باش نییە لە ڕۆژوودا بکرێن

هەندێك شت هەیە مرۆڤی ڕۆژوەوان باش نییە ئەنجامیان بدات ئەگەر بۆی بگونجێت چونکە (مەکروهە ) بە کردنیان مرۆڤ تاوانبار نابێت بەڵام بە نەکردنیان پاداشت و خێری دەست دەکەوێت، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو شتانە دەکەین کە (مەکروهە):

**١-خۆشتن بە بێ مەبەست و پێویست.**

**٢-خوێن گرتن.**

**٣-ماچ کردنی ئافرەت لەلایەن پیاوەکەیەوە**، ئەگەر ترسا ئەم ماچ کردنە سەر بکێشێت بۆ کاری تر ئەوە حەرامە، خاتوو عائیشە دەفەموویت: (کان رسول الله (δ) یقبل وهو صائم و یباشر وهو صائم و لکنە کان املککم لاربه) رواه احمد. واتە: پێغەمبەر (δ ) ماچی دەکرد بە ڕۆژوو بوو و نزیکی دەکرد بە ڕۆژوو بوو، بەڵام ئەو ئەتوانێت نەفسی خۆی بگرێت.

**٤- تام و چێژ و خۆشی وەرگرتن بە (بیستن، بۆن کردن، چەشتن، دەست لێدان )**، بەڵام ئەگەر کەسێك چێشتلێنەر بوو ئەتوانێت چێشتەکەی بچەژێت. پێغەمبەر (δ ) دەفەرمووێت ( لاباس ان یزوق الخل او الشيء ما لم یدخل

حلقه و هو صائم ) رواه البخاري. واته: قەیناکات ڕۆژوەوان سرکه یا هەر شتێکی تر بچەژێت بەو مەرجەی نەچێتە قوڕگەوە.

٥- زۆر ڕۆنەچوون له ئاوڕادانه دەم و لوت چونکه پێغەمبەر ($\delta$) دەفەرموویێت: (بالغ فى الاستنشاق الا ان تكون صائما ) رواه ابو داود. واته: زۆر ئاو ڕابده له دەم و لووتت مەگەر بەڕۆژوو بیت.

٦- سیواك كردن له پاش نیوەڕۆوە، هەرچەندە دەتوانرێت له درێژایی ڕۆژدا بەكار بهێنرێت، چونكه پێغەمبەر ($\delta$) دەفەرموویێت: (ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە كه قورس دەبوو لەسەر ئومەتەكەم ئەوا فەرمانم دەكرد به سیواك كردن لەگەڵ هەموو دەستوێنژێكدا)

## سوونەتەكانی ڕۆژوو

ڕۆژووی ڕەمەزان هەروەكو چۆن هەندێك شت فەرزە تیایدا و بەبێ ئەو شتانه ڕۆژووەكەی ناتەواوە، هەندێك شتیش هەیه كه سوونەتە تیایدا و به كردنیان مرۆۋ خێر و چاكەی دەست دەكەوێت و به نەكردنیان تاوانبار نابێت، لێرەدا ئاماژە به هەندێكیان دەكەین:

١- پارشێو كردن ئەگەر به پارووپەك نانیش بێت، پێغەمبەر دەفەرموویێت ( تَسَحَروُا فَإنَ فِى السُحُورِ بَرَكَةٌ) متفق علیه.

پارشێو بكەن چونكه پارشێو كردن خێر و بەرەكەتی تیادایه وە هەروەها دەفەموویێت ( فصل ما بین صیامنا و صیام اهل الكتاب اكلة السحر ) رواه مسلم. واته: جیاوازی له نێوان ڕۆژووی ئێمه و ڕۆژووی خاوەن كتێبەكاندا خواردنی پارشێوە، هەروەها دەفەرموویێت: (السحور اكله بركة فلا تدعوه و لو ان یجرع احدكم جرعة من الماء. فان الله و ملائكته یصلون على المتسحرین ) رواه احمد. واته: خواردنی پارشێو بەرەكەتی تیادایه، دەست بەرداری مەبن ئەگەر به خواردنەوە قومێك ئاویش بێت، خوای گەورە و فریشتەكان صەلەوات دەدەن لەسەر ئەو كەسانەی پارشێو دەكەن.

٢. درەنگ پارشێو کردن: پێغەمبەر (δ) دەفەرموویێت: (لاتزال أمتی بخير ما عجلوا الفطر و اخروا السُحور ) رواه احمد. واتە: بەردەوام ئوممەتی من خێریان دەست دەکەوێت ئەگەر پارشێو دوا بخەن و زوو بەر بانگ بکەنەوە، ئەو کەسانەی کە درەنگ پارشێو دەکەن و نوێژەکەی بەیانیان لە دەست ناچێت، بەلأم ئەوی تر لەوانەیە بخەوێتەوە و نوێژەکەی بفەوتێت، هەروەها کەسێك کە درەنگ پارشێوی کردووە درەنگیش برسی دەبیت.

٣- زوو بەربانگ کردنەوە: ئەنەس دەفەرموویێت (کان رسول (δ) يفطر قبل ان يصلی) رواه ابوداود. واتە: پێغەمبەر بەربانگی دەکردەوە پێش ئەوەی نوێژەکەی مەغریبی بکات خوای پەروەردگاریش لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموویێت: (احب عبادي الی عجلهم فطرا ) رواه الترمذی. واتە: خۆشەویسترین بەندەکان لای من ئەو کەسانەن کە زوو بەربانگ دەکەنەوە.

٤- خوشتن پێش نوێژی بەیانی بۆ ئەو کەسانەی کە لەشیان گرانە، هەرچەندە ئەگەر بکەوێتە دوای نوێژیشەوە دروستە، خاتوو عائیشە دەفەرموویێت: (أن النبي (δ) يدركه الفجر و هو جنب من اهلة ثم يغتسل و يصوم) متفق عليه.

کەسێك کە لەشی گرانە  بە هەر هۆیەك بێت، ئەگەر پێش پارشێو نیەتی ڕۆژووی هینا ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە، ئەتوانیت لە دوای نوێژدا خۆی بشۆرێت بە پێی ئەم فەرموودەیە: (کان رسول الله (δ) يصبح جنبا من جماع لاحلم ثم لا يفطر و لا يقض ) متفق عليه. واتە: پێغەمبەر ڕۆژی کردوەتەوە لەشی گران  بووە بە جیماع کردن نەك بە خەو پاشان ڕۆژووەکەی گرتوە و نەیشکاندووە و قەزایشی نەکردووەتەوە، واتە پاش نوێژی بەیانی خۆی شۆریوە.

ئەو فەرموودەی کە ئیمامی بوخاری ریوایەتی  کردووە کە دەفەرموویێت: (من اصبح جنبا فلا صوم له) هەرکەس ڕۆژ بکاتەوە بە لەش گرانی ئەو ڕۆژوەکەی دروست نییە. زانایان دەڵێن مەبەست پێی کەسێکە کە بانگی بەیانی داوە، بەلأم ئەو  بەردەوامە لەسەر جیماعەکەی.

٥- دوور كەوتنەوە لەو شتانەی كە خۆشی دەدەن بە مرۆڤ لە (چەشتن، بۆن كردن، دەست ليدان ).

٦- چاكەكاری و بەخشين و دەستگيرۆيی هەژاران، ئيبن عەبباس بۆمان دەگێڕێتەوە كە پێغەمەری خوا (δ) زۆر سەخاوەت مەند بووە وە لە ڕەمەزاندا زۆرتر سەخاوەت مەند بوە وە هەروەها لە فەرموودەيەكی تردا كە ( ئەنەس ) بۆمان دەگێڕێەوە، پێغەمبەر (δ ) فەرموويەتی: (افضل الصدقة صدقة في رمضان) رواه الترمذی. واتە: باشترين خێر ئەو خيرەيە لە ڕەمەزاندا بكرێت.

٧- زيندوكردنەوە (١٠) شەوی كۆتايی ڕەمەزان بە مانەوە لە مزگەوتدا و بەندايەتی كردن و خۆ خەريك كردن بە قورئانی پيرۆزەوە.

٨- خۆ بە دوور گرتن لە قسەی پڕوپوچ و بێكەڵك. . پێغەمبەر (δ) دەفەرمووێت: ( من لم يدع قول الزور و العمل به فليس لله حاجة في ان يدع طعامه و شرابه ) رواه البخاري و ابو داود والترمذي. واتە: هەركەس واز لە قسەو كرداری هيچ و پوچ نەهێنێ ئەوا خوا پێويستی بە ڕۆژووی ئەو كەسە نييە كە خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە.

٩- بەربانگ كردنەوە بە خورما، ئەگەر نەبوو بە ئاو يان بە شيرينی. . . قال رسول الله (δ ): ( اذا افطر احدكم فليفطر على تمر فان لم يجد فليفطر على ماء فانه طهور ) رواه الو داود و الترمذي. واتە: ئەگەر يەكێك لە ئێوە بەربانگی كردەوە بە خورما بيكاتەوە ئەگەر نەبوو بە ئاو چونكە پاكە.

١٠ خوێندنی دوعای بەربانگ (اللهم لك صمت و بك امنت و على رزقك افطرت)

١١- خوێندنی دوعای بەربانگ ئەگەر ئەو كەسە ميوان بوو لە ماڵێك ( افطر عندكم الصائمون، وأكل طعامكم ألأبرار و صلت عليكم الملائكة)

١٢- ئەگەر كەسێك جوێنی پێدا، وەڵامی نەداتەوە و بڵێ: من بەڕۆژووم.

١٣ - پاڕانەوە لە كاتی بەربانگدا چونكە پێغەمبەر (δ ) دەفەرمووێت: (للصائم عند فطره دعوة لاترد ) رواه ابن ماجة.

## پاداشتی ڕۆژووەوان

مرۆڤی ڕۆژووەوان پاداشتی تایبەتی هەیە لە ڕووژوو گرتندا، خوای گەورە ڕۆژووی لە ڕێزی کردەوە چاکەکاندا داناوە کە پاداشتی ئیجگار گەورەی بۆدانراوە. خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ احزاب ٣٥.

پاداشتی ڕۆژوو لە چاو کردەوەکانی تری مرۆڤ ئیجگار زۆرترە، خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودیسدا دەفەرموویێت: (كل بنى ادم يظاعف الحسنة بعشر امثالها إلى سبعمأة ضعف إلا الصوم، الصوم لي وأنا اجز به، يدع شهوته و طعامه من اجلى) رواه المسلم. واتە: هەر کردەوەیەکی ئادەمیزاد چەند قات پاداشتی دەدرێتەوە لە (١٠ قاتەوە تا ٧٠٠) قات، تەنها ڕۆژوونەبێت ڕۆژوو بۆ منە، منیش خۆم پادشتی ئەدەمەوە، چونکە ئەو کەسە لە بەر من واز لە خواردن وخواردنەوە و ئارەزووەکانی دەهێنی. . لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە هەر کەس ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت ئەوا خوای گەورە لە بەر ئەو ڕۆژوو گرتنەی. . ڕومەتی ئەو کەسە بە دووری (٧٠) پاییز ڕێگە دەپاریزی لە ئاگری دۆزەخ. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتوو ( من صام رمضان ايمانا و احتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه ) متفق عليه. واتە: هەر کەس مانگی ڕەمەزان بگریت بە ئیمان و بە ئومیدی گیرابونەوە ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی لەوەو پیشی خۆش دەبێت.

## حیکمەت و سوودەکانی ڕۆژوو

ئەوەی کە لێرەدا باسی لێوە دەکەین هەندیك لەو سوود و پاداشتانەیە کە لە ڕۆژوودا دەستمان دەکەوێت. .

که ئەمانیش دەتوانیین بکەین بە سێ بەشەوە:

١. ئەو سوودانەی کە پەیوەندی بە ڕۆژی دوایی ڕۆژوەوانەوە هەیە.

٢. ئەو حیکمەت و سوودانەی کە پەیوەندی بە خودی ئەو کەسەوە هەیە لە ژیاندا.

٣. ئەو حیکمەت و سوودانەی کە پەیوەندی بە کۆمەڵگە و دەورو بەرەوە هەیە. .

## أ/ سوودەکانی ڕۆژوو لە قیامەتدا

١. ڕۆژوو هۆیەکە بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی تایبەتی هەیە وەکو خوای گەورە لە فەرموودە قودسیەکەیدا دەفەرموویت (الصوم لي و أنا اجزي به ) رواة المسلم.

٢. ڕۆژوو دەبیتە هۆی دوورخستنەوەی ئاگری دۆزەخ لە مرۆڤ وەکو پێشتر باسمان کرد

٣. ڕۆژووەوان دوو خۆشحاڵی هەیە:

أ) خۆشخاڵی کاتیك بەر بانگ دەکاتەوە.

ب) خۆشحاڵی کاتیك لە قیامەتدا دەگاتە دیداری خواو ڕۆژووی گرتووە

٤. ڕۆژووەوان لە ڕۆژووی قیامەتدا لە دەرگای تایبەتییەوە دەچنە بەهەشت کەناوی (ریان )ە، (تێر ئاو ) کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت ( إن فى الجنة بابا يقال له (ريان) يدخل منه الصائمون يوم القيامة، يُقال: اين الصائمون. . فيقومون: لا يدخل منه احد غيرهم. . فاذا دخلوا اغلق. . . فلم يدخل منه احد ) متفق عليه.

لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی دەوترێت تێر ئاو ڕۆژوەوانان لێیەوە دەچنە ژوورەوە، دەڵێن کوان ڕۆژوەوانان؟ کۆمەڵێك هەڵدەستن و دەچن بە دەم بانگەکەوە ، جگە ئەوانە کەس ناچێتە ژوورەوە، کە ئەوان چوونە ژوورەوە پاشان دەرگاکە دادەخرێت و کەسی تر لەو درگاوە ناچێتە ژوورەوە بۆ بەهەشت .

٥. ڕۆژوو هۆیەکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکانی لەوەو پێشی ئادەمیزاد بە مەرجێ (کبائر)ی تیادا نەبێت. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت ( من صام رمضان ايمانا و احتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه) متفق عليه.

٦. ئەگەر کەسێك هەموو مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و پاش ئەویش شەش(٦) ڕۆژ لە مانگی شەوال بە ڕۆژوو بێت ئەوە وەکو تەواوی ساڵەکە بەڕۆژوو بێت وایە. ئەبو ئەیوب لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەفەرموویێت: ( من صام رمضان ثم اتبعه ستا من شوال كان الصيام الدهر ) رواه المسلم.

چونکە خوای گەورە لای کەمیی کردەوە چاکەکان بە (١٠) قات ئەنوسێت (٣٠) ڕۆژ ×١٠ =٣٠٠ڕۆژ، پاشان (٦) ڕۆژی مانگی شەوال دەکاتە (٦٠) هەمووی پێکەوە دەکاتە (٣٦٠) ڕۆژ کە ساڵێکە

٧. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژوو بۆ خاوەنەکەی دەبێتە قەڵغان و ئەو کەسە لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزێت: ( الصيام جنة من النار كجنة احدكم من القتال ) ڕۆژوو قەڵغانە لە ئاگری دۆزەخ وەك چۆن هەریەك لە ئێوە قەڵغانتان هەیە بۆ کاتی جەنگ.

٨. لابردنی سزای سەر دۆزەخییەکان لەم مانگەدا و والأکردنی دەرگای بەهەشت بە ڕووی ئیمانداراندا.

## ب/ سودەکانی ڕۆژوو بۆ ئیماندار

١. ڕۆژوو مرۆڤ فێری (صبر) و ئارامگرتن دەکات.

٢. ڕۆژوو وانەی ورە بەرزی و ئیرادەپتەوی فێری مرۆڤەکان دەکات.

٣. ڕۆژوو پشوویەکە بۆ گەدەی مرۆڤ کە (١١) مانگ بە بەردەوامی کار دەکات بەلأم لەو مانگەدا کەمێك پشوو دەدات.

٤. لە ڕۆژوودا مرۆڤ هەموو ئەو کردار و گوفتارە خراپانە تەرك دەکات کە خووی پێوە گرتووە.

٥. ڕەمەزان قوتابخانە و هەلێکە بۆ ئەو کەسانەی کە دوورن لە ڕێبازی خوا بگەڕێنەوە بۆلای خوا گەورە.

٦. ڕەمەزان مانگی داباریینی ڕزق و ڕۆزییە بۆ سەر بەندەکان.

## ج/ سوودەکانی ڕۆژوو بۆ کۆمەڵگە

١. لە مانگی ڕەمەزاندا خەڵکی دەکەونە بیری برا هەژارەکانیان کە چەند لە ژیانێکی ناڕەحەتیدا دەژین چەندە برسێتی دەکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی

تر تەنها لەم مانگەدا برسیان دەبێت بۆیە کاتێك کە برسییەتی دەچەژن دەکەونە بیری برا هەژارەکانیان.

دەگێڕنەوە وتیان بە حەزرەتی (یوسف): بۆچی برسیتە خۆ تۆ خەزێنەی سەر زەوی لەبەر دەستتدایە؟ فەرمووی: ئەترسم تێر بم و ئاگام لە هەژارەکان نەمێنیٚ.

٢. لە ڕەمەزاندا موسڵمانان فێری سۆز و خۆشەویستی و برایەتی دەبن.

٣. لە ڕۆژوودا یەکسانی دەردەکەوێت لە نێوان بەندەکانی خوای گەورەدا کە چۆن هەژارێك و دەوڵەمەندێك و سەرۆکێك پێکەوە ڕۆژوو دەگرن و دەیشکێنن.

## نوێژی تەراویح

تەراویح: لە "روحە" ەوە هاتووە واتە ئارامی بەخشین بە جەستە و حەوانەوە. . چونکە لەو نوێژانەدا لە نێوان هەر چوار ڕکاتدا مرۆڤ پشوویەك دەدات و پاشان هەڵدەستێتەوە بۆ نوێژێکی تر. وە مرۆڤ لەو نوێژو هەڵسوکەوتانەدا هەست بە ئارامی و خۆشییەك دەکات کە ڕۆحی پیٚ دەگەشێتەوە. دەربارەی ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژی تەراویح زانایان یەك دەنگ نین لەسەری چونکە بە (شەو نوێژ) دەژمێردرێت ئەو کەسە بە ویست و توانای خۆی کەوتووە چەندە نوێژ بکات. . لە سەرەتادا پێغەمبەر ($\delta$ ) دەهات بۆ مزگەوت و تەراویح ) ی بە جەماعەت لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد بەڵام پاش ماوەیەك تەرکی کرد بۆ ئەوەی نەبێت بە (فرض) لەسەر خەڵکی، چونکە ئەگەر پێغەمبەر هەر (٣٠) شەوەکەی مانگی ڕەمەزان لە مزگەوتدا (تەراویح) ی بکردایە بە جەماعەت، ئەوا لەسەر ئوومەتەکەشی فەرز دەبوو، خاتوو عائیشە دەفەرمووێت: " شەوێکیان پێغەمبەر ($\delta$) لە مزگەوتدا نوێژی دەکرد. هەندێك کەسیش لە گەڵیدا نوێژیان دەکرد، بۆ شەوی دووەم هەستا بۆ نوێژ خەڵکەکە زۆر تر بوون لە شەوی سێیەم و چوارمدا زۆرتر بوون، پاش ئەوە پێغەمبەر ($\delta$ ) نەچووە دەرەوە بۆ لایان، کە ڕۆژ بوویەوە فەرموی: ( قد رایت الذی صنعتم فلم یمنعنی من

الخروج اليكم الا انى خشيت ان تفرض عليكم ). خاتوو عائيشه دەڵێت ئەمە لە ڕەمەزاندا بوو. متفق عليه.

واتە بينيم ئەو كارەی كە ئێوە كردتان، هيچ شتێك نەبووە بەربەست لە بەردەم هاتنە دەرەوەمدا تەنها ئەوە نەبێت ترسام فەرز بێت لە سەرتان.

هەروەها (عبد الرحمن القاريء) دەڵێت: لەگەڵ عومەردا شەوێكی ڕەمەزان چووين بۆ مزگەوت سەيرمان كرد خەڵك بەش بەش وەستاون و هەر كەس بۆ خۆی نوێژ دەكات، نوێژێكی سەر پێی، عومەر ووتی: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئەمانە لە پشتی يەك قورئانخوێنەوە نۆيژبكەن زۆر باشترە، پاشان كۆی كرنەوە بە پشت سەری (ابی كوری كعب) وە عبدالرحمان وتی: شەويكی تر پێكەوە چوينە دەرەوە. خەڵكەكە بەپشت سەری ئەو پياوەوە كە عومەر داينابوو نوێژيان دەكرد.

ژمارەی ڕكاتەكانی نوێژی تەراويح (٨) ركاتە لە گەڵ (٣) ركاتی (وتر) دا كە بەگشتی (١١) ركاتە. .

خاتوو عائشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (ما كان النبي ($\delta$) يزيد في رمضان ولا غيرة على احد عشر ركعة ) متفق عليه. واتە: پێغەمبەر ($\delta$) نە لە ڕەمەزان و نە لە غەيری رەمەزانيشدا زياتر لە (١١) ركات نوێژی نەكردووە.

كاتێك موسڵمانان گەيشتنە سەردەمی خەليفە عمر (خوای لێ ڕازی بێت) ئەو سوننەتەيان ئەنجام دەدا و(١١) ركاتيان دەكرد. هەر لە سەردەمی عومەردا خەڵكی (٢٣) ركات نوێژی تەراويحيان دەكرد.

(عن يزيد بن خصيفة عن سائب بن يزيد قال: كانو يقومون فی عهد عمر بن الخطاب ($\chi$) في رمضان بثلاثة وعشرين ركعة) اخرجة البيهقي.

هەروەها لە سەردەمی خەليفە (عثمان)دا موسڵمانان (٣٩) ركات نوێژيان دەكرد. ئەوەی كە باش بێت ئەوەيە ئەگەر ئەوانەی كە لە مزگەوتدان توانای نوێژ كردنيان چاك بێت و گەنج وچالاك بن باشتر وايە چەند ركاتێكی كەم بكەن و قورئانی زۆری تيادا بخوينن، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا نوێژی زۆرتر دەكرێت و ديارە كەمتريش قورئان لە نوێژەكاندا دەخوێندرێت.

## ئیعتکاف و مانەوە لە مزگەوتدا

ئیعتکاف: لە زمانی عەرەبیدا واتە: مانەوە وحەپس کردن، لە شەرعدا واتە: مانەوە لە مزگەوتدا بە مەبەستی بەندایەتیکردن، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾، هەروەها خاتوو عائیشە دەفەرمووێت: كان النبي(ﷺ)يعتكف العشر الأواخر من رمضان حتى توفاه الله ثم اعتكف ازواجه من بعده) وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: (من اعتكف فواق ناقة فكأنَما إعتَقَ نَسَمَةُ )

واتە: هەر کەس بە ئەندازەی دۆشینی حوشترێك بمێنێتەوە لە مزگەوتدا ئەوە وەکو ئەوە وایە حوشترەکەی کردبێت بە خێر.

ئەرکانەکانی ئیعتکاف کامانەن:

١. نیەتی مانەوەی هێنابێ لە مزگەوتدا.
٢. بمێنیتەوە لە مزگەوتدا.
٣. شوێنەکە مزگەوت بێت.
٤. کەسێك هەبێت کە بمێنێتەوە.

## مەرجەکانی ئیعتکاف:

١. دەبێ موسڵمان بێت.
٢. عاقل بێت.
٣. مزگەوت بێت، ئەگەر جامعە بێت باشترە.
٤. پاك بێت و لەشی گران نەبێت.
٥. ئەگەر ئافرەت بوو دەبێ پاك بێت لە خوێنی مانگانە و منداڵبوون.
٦. ئەبێت بە ئەندازی زیاتر لە وەستانی (رکوع)ێك لە نوێژدا بمێنێتەوە.

## ئەو شتانەی کە (اعتکاف ) بەتاڵ دەکەنەوە:

١. جیماع: بە بەڵگەی ﴿وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾

٢. دەرچوون لە مزگەت بەبێ پێویستی هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

٣. پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام.

٤. سەرخۆش بوون یان شێت بوون.

٥. خوینی مانگانە و منداڵبوون لە ئافرەتدا، باش نییە لە (اعتكاف ) ئەم شتانە بکرێت (خوێن گرتن، شت دروست کردنی زۆر، بەڵام ئەگەر نووسینی زانیاری بوو قەیناکات و نابێت، ئەگەر ئافرەت بوو نابێ به بێ پرسی مێردەکەی بمێنێتەوە.

دەبێت لە مانەوەکەیدا خەریکی عیبادەت ونوێژ کردن وقورئان خوێندن و دوعای خێر بێت، دوور بێت لە قسەی پڕوپوچ و. حیکمەت لە (اعتكاف)دا پاراستنی نەفس و دەرونە لە تاوان و ئارام بەخشینە بە دڵ و مێشك و نزیك بونەوە لە خوا و خۆ خستنە بەر ڕەحمەتی خوای گەورە. . . دیارە لە ڕەمەزاندا حیکمەت و سوودەکان زۆرترە.

## شەوی قەدری پیرۆز

وشەی ( قدر) لە زمانی عەرەبیدا بە چەند مانایەك هاتووە لەوانە (بەرز و پیرۆز، بەنرخ، کار ڕێکخستن ) جا ئەگەر وشەی (قدر) بەهەرکام لەم مانایانە لێك بدەینەوە گونجاوە شەوی قەدر شەوێکی پیرۆزە، چونکە قورئانی تێدا نازڵ بووە، شەوێکی بەنرخە چونکە خەیری عیبادەتی (١٠٠٠) مانگی هەیە کە ئەو شەوەی تێیدا نەبێت.

شەوی ڕێکخستنە، چونکە لەو شەوەدا خوای گەورە کاروباری بەندەکانی ڕێکخستووە. کە دابەزینی قورئانی پیرۆزە و بەرنامەی ژیانە. شەوی قەدر لە (٢) جێگە لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە (لە سورەتی قدر (انا انزلناه فی لیلة القدر..) لە سورەتی دخان﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ*فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ﴾. هەر لەبەر ڕێز و گەورەیی ئەم شەوەیە لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێکی بەناوەوە ناو نراوە.

## تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی شه‌وی قه‌در

١. شه‌وێكه تایبه‌ته به (ئوممه‌تی محمد)ه‌وه، چونكه هیچ كام له ئوممه‌ته‌كانی تر ئه‌م شه‌وه‌یان نه‌بووه.

٢. له‌م شه‌وه‌دا (قورئان) له (لوح المحفوظ)ه‌وه نێردراوه‌ته (بیت العزة) له ئاسمانی دونیاوه هه‌ر له‌وێشه‌وه له‌م شه‌وه‌دا دابه‌زیوه بۆ سه‌ر پێغه‌مبه‌ر(δ ).

٣. شه‌وی قه‌در تا ڕۆژی قیامه‌ت هه‌ر به‌و ڕێزه‌وه ده‌مێنێته‌وه و ئیمانداران به‌و شه‌وقه‌وه پێشوازی لێده‌كه‌ن.

٤. له‌و شه‌وه‌دا فریشته‌كان به گشتی و جوبره‌ئیل به تایبه‌تی داده‌به‌زنه سه‌ر زه‌وی و شاهیدی به‌ندایه‌تیكردنی به‌نده موسڵمانه‌كان ده‌بن.

٥. شه‌وی قه‌در خه‌یری عیباده‌تی (١٠٠٠) مانگی هه‌یه كه شه‌وی قه‌دری تێدا نه‌بێت.

## شه‌وی قه‌در كام شه‌وه‌یه؟

له‌به‌ر كۆمه‌ڵێك حیكمه‌ت كه خوای گه‌وره خۆی باشتریان لێ ده‌زانێت ئه‌م شه‌وه پیرۆزه‌ی لای موسڵمانان شاردوه‌ته‌وه‌و دیاری نه‌كردووه كه كام شه‌وه‌یه، هه‌ر بۆیه زانایانی ئیسلام هاوده‌نگ نین له‌سه‌ر دیاری كردنی ئه‌و شه‌وه و ڕای جیاوازیان هه‌یه له‌و باره‌وه، هه‌ندێكیان ده‌ڵێن شه‌وی (٢٧)ی ڕه‌مه‌زانه و هه‌ندێكی تریان ده‌ڵێن شه‌وی (٢١) ی ڕه‌مه‌زانه وه هه‌ندێكی تریش ده‌ڵێن له یه‌كێك له شه‌وه تاكه‌كانی (١٠) شه‌وی كۆتاییدایه كه ئه‌مانه‌ن (٢٩، ٢٧، ٢٥، ٢٣، ٢١) ئێمه بۆ زیاتر ڕوون كردنه‌وه‌ی ئه‌م شه‌وه، چه‌مكێك له فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ر ده‌ست نیشان ده‌كه‌ین.

١. قال رسول الله (من كان متحريا فليتحرها ليلة سبع و عشرين) هه‌ركه‌س ده‌گه‌ڕێت به شوێن شه‌وی قه‌دردا با له شه‌وی (٢٧)دا بگه‌ڕێت به دوایدا.

٢. **قال رسول الله (δ ) ( التمسوها فى العشر الاواخر مالا يجتهد فى غيرها ) بگەڕێن بە شوێنی قەردا لە (١٠) شەوی کۆتاییدا کە لە شەوانی تردا دەستان ناکەوێت.**

٣. **قال رسول اللهّ(δ) التمسوها في العشر الاواخر و في كل وتر ) داوای شەوی قەدر بکەن لە(١٠) شەوی کۆتاییدا و لە شەوە تاکەکاندا.**

٤. **عن عائشة (رضى الله عنها) قالت: (ان النبي اذا دخل العشر الاواخر، احيا الليل و ايقظ اهله و شد المئذر) متفق عليه.**

**کاتێك پێغەمبەر (δ ) دەگەیشتە (١٠) شەوەی کۆتایی ڕەمەزان هەڵدەستا بۆ نوێژو خێزانەکانیشی هەڵدەستان بۆ ئەوەی شەو بێدار بن و نزیکی ئافرەتەکانی نەدەکرد، ئەم فەرموودانە ئاماژە بەوە دەکەن کە شەوی قەدر لە (١٠) شەوی کۆتاییدایە ئیتر کام شەوەیە خوا چاکتر دەزانێت.**

**بەپێی هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (δ) ئەمە شەوە کۆمەڵێك نیشانەی هەیە:**

١. **ئەو شەوە شەوێکی ساف و ڕوونە.**

٢. **مانگ لەو شەوەدا ڕۆشن و درەخشانە.**

٣. **هەواکەی مامناوەندییە نە زۆر ساردە و نەزۆر گەرم.**

٤. **خۆری بەیانی ئەو شەوە خۆرێکی سپی جوانە و بێ تیشکە.**

٥. **خۆری ئەو شەوە سافە وەکو مانگی شەوی (١٤)وایە.**

٦. **شەیتان لەگەڵ خۆری ئەو ڕۆژەدا نایەتە دەرەوە و مۆڵەتی پێ نادرێ.**

**شایانی وتنە ئەم نیشانانەی کە باسمان کرد مەرج نییە لە هەموو پارچەیەکی زەویدا وا بێت، چونکە ئاوو هەوای ناوچەکە و گەلێك هۆکاری تر کاریگەرن لەسەر ئەو نیشانانەی کە باسمان کردن.**

**فەرموودەی زۆر هەیە دەربارەی نیشانەکانی شەوی قەدر، لێرەدا چەند فەرموودەیەك ئاماژە پێدەکەین:**

**عن أُبي بن كعب عن النبي (δ ) ( ان الشمس تطلع في صبيحة يومها بيضاء لا شعاء لها )** رواه المسلم.

عن اب بن هن النبى (δ): (ان امارة ليلة القدر، انها ليلة صافية بلجلة، كان حمرا صاتحا، ساكنة، ساجية، لابرد فيهن ولامر شنو لايحل لكوكب ان يرمى به فيها حتى تصبح، وان اماراتها أن الشمس صبيحتها تخرج مستوية ليس فيها شعاء، مثل حمر الليل البدر، لايحل للشيطان ان يخرج معها يومئذ).

## نهێنی دیاری نەکردنی شەوی قەدر

خوای گەورەو میهربان و پێغەمیەری ئازیز (δ) ئەو شەوەیان ئاشکرا نەکردووە بۆ ئەوەی موسڵمانان خۆیان ماندووبکەن لەو دە شەوەی کۆتایی ڕەمەزاندا وخێری زۆریان دەست بکەویت، چونکە ئەگەر ئەو شەوە دیاری بکرایە ئەوا موسڵمانان هەر ئەو شەوەیان زیندو دەکردەوە، بەڵام لە بەر نادیاری ئەو شەوە موسڵمانان هەر دە شەوەکە زیندوو دەکەنەوە، بەو ئۆمیدەی یەکێك لەو شەوانە شەوی (قەدر ) بێت و خەیری (١٠٠٠) مانگیان بۆ بنووسریت، بەم کارەش خەیری زۆرتریان بۆ دەنووسرێت.

خوای گەورە و پەروەردگار گەڵێ شتی لە بەندەکانی شاردوەتەوە کە بێ حیکمەت نییە. . ساتی مردنی شاردوەتەوە تا هەمیشە مرۆڤ مردنی لە یاد بێت، ڕۆژی قیامەتی شاردوەتەوە تا مرۆڤ هەمیشە توێشووی بۆ ئامادە بکات، (الصلاة الوسطى )ی شاردوەتەوە تا مرۆڤ گرنگی بە هەر (٥) فەرزە نوێژەکە بدات.

وەگەلیك شتی تر یش. . . ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە بزانین چۆن مامەڵە لە گەڵ ئەو شەوەدا دەکەین، سوننەتە لە شەوانی قەدردا ئەم دوعایە زور بخوینریت، ( الهم انك عفو تحب العفو فاعف عني) واتە: خوایە تۆ لێخوشبوویت و لێخوشبوونیشت خۆش دەوێت خوایە لە گوناهەکانم خۆش ببە. سوننەتە عیبادەت و بەندایەتی زۆر بکرێت هەر لە قورئان خوێندن و نوێژکردن و شەو نوێژ و ونزا و پاڕانەوە و بەشداری لە کۆڕە خێری یەکاندا و خۆ گرتنەوە لە

هەموو  تاوانێکی گەورە و بچوك بۆ ئەوەی لە خێری ئەو شەوە پیرۆزە کەم نەبێتەوە.

## سەرفیترەی ڕەمەزان

سەرفیترە: بریتی یە لە زەکاتی خواردن، خواردنەوە و ئازاد بوون. سەرفیترە لە ساڵی دووەمی (کۆچیدا لە گەڵ ڕمەزاندا فەرز کرا لە سەر موسڵمانانان، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرموویت: ( فرض رسول الله (ﷺ) زكاة الفطر من رمضان على الناس، صاعاً من تمر، على كل حر او عبد ذكرٍ أو انثى من المسلمين ) رواه البخاري ومسلم.

پێغەمبەر (ﷺ) سەر فیترەی ڕەمەزانی لە سەر موسڵمانان فەرز کرد بە (صاع)ێك خورما یان جۆ لە سەر هەموو موسڵمانیك نێر بێت یان مێ. (صاع)یش لە مەزهەبی پیشەوا شافعی دا دەکاتە (٢,٤٠٠گم) حیکمەت لە فەرز کردنی سەر فیترە زۆرە، لیرەدا تەنها ئاماژە بە (٣) لەو حیکمەتانە دەکەین:

١. پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیەی کە لە ڕۆژووەکەدا هەبووە، وەکیعی کوڕی جەراح دەڵێت: سەر فیترە وەکو (سوجدەی سەهو وایە لە نوێژدا ) سوجدەی سەهو چۆن جێگەی هەڵەکانی نوێژ دەگریتەوە بە هەمان شێوە سەر فیترەیش جێگەی کەم و کورتی یەکانی ڕۆژوو دەگرێتەوە.

٢. لەو ڕوژەدا دڵی هەژاران و گوزەرانیان باش دەبێت بە هۆی ئەو سەرفیترانەوە کە پێیان دەدرێت.

٣. هۆیەکە بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون و تاوانەکانی مرۆڤ چونکە بەخشینە و بەخشینیش خیرێکی ئێجگار گەورەیە لای خوا.

## واجب بوونی سەرفیترە

### سەرفیترە بە چەند شتێك واجب دەبێت:

١. دەبێت ئەو کەسە موسڵمان بێت ئەنجا سەر فیترەی لە سەر واجب دەبیێت ئیتر نێر بێت یان مێ  جیاوازی نییە.

٢. سەرفیترە لە گەڵ خۆرئاوابوونی دواهەمین ڕۆژی رەمەزاندا واجب دەبێت و بە نەدانی ئەو کەسە تاوانبار دەبێت، سوننەتە زووبدرێت بۆ ئەوەی فریای ڕۆژی جەژن بکەوێت بۆ هەژاران.

٣. دەبێت ئەو سەرفیترەیە کە ڕۆژووەوان دەیدات زیادە بێت لە خەرجی خۆیی و ماڵ و منداڵی وئاتاجی شەو وڕۆژی جەژنی نەبێت، ئەگەر خۆی پێویستی بوو بۆ شەو و ڕۆژی جەژنی ئەوە واجب نییە بیدات. بەڵام ئەگەر پێویستی نەبوو زیادەبوو لە خۆی ئەوا بە نەدانی تاوانبار دەبێت.

## سەرفیترە چۆن دەبێت و بە کێ دەدرێت؟

سەرفیترە لە خواردنا دەبێت لە (گەنم، جۆ، خورما، مێوژ) ئەندازەکەشی لە مەزهەبی شافعیدا (صاع )ێکە، کە دەکاتە (٢,٤٠٠)گم)، دەکرێت خەڵکی ئەو شارە زیاتر چی دەخۆن و قوتیان چییە ئەوە بدەن بە سەرفیترە.

واتە: ئەگەر تێکرای خەڵك خواردنی سەرەکیان (برنج)بوو با ئەوا (برنج )بدرێت، ئەگەر گەنم بوو با گەنم بدرێت، ئەو شتەی کە دەدرێت بە سەرفیترە دەبێت شتێکی چاك وپاك بێت و عەیبی نەبێت وە دەگونجیت لە بری خواردنەکە بڕەکەی بە پارە دیاری بکرێت و لە بری دا پارە بدرێت.

سەرفیترە ئەگەر ئەو کەسە خوی پێویستی بوو ئەوا نایدات، لە پاش خۆی دەدرێت بە هەژارەکانی دەوروبەری ئەگەر خزم بن باشترە ئەگەر نەبوو بیدات بە هەژارەکان کە لە دەوروبەریدان.

## سەرفیترە نادرێت بە ( ٥ )کەس:

١. کەسێك کە دەوڵەمەندە ئەوە سەر فیترەی پێ ناشێت.

٢. (کۆیلە) کە ئێستە لە زۆربەی جیهاندا نەماوە. چونکە گەورەکەی دەیژیەنێت.

**٣. كەسێك كە لە ژێر چاودێری کەسێکی تردا بێت (تحت النفقە) واتە: کوڕێك تا باوك و دایکی مابن نادرێت بە ئەو.**

**٤. کافر و بێباوەڕەکان چونکە لە ڕیزی موسڵماناندا نین و سەرفیترەش بە موسڵمانان دەدرێت.**

**٥. بنەماڵەی "بني هاشم، بنی مطلب" کە ئێستە هیچ کام لەو دوو بنەماڵەیە لە ژیاندا نەماون.**

## ڕۆژووە سوونەتەکان

**١. سوونەتە موسڵمان تا بتوانێت ڕۆژووی زۆر بگرێت بە تایبەتی ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەموویت (تعرض اعمال یوم الاثنین و الخمیس فاحب ان یعرض عملي و انا صائم)** رواه الترمذی.

**٢. واتە لە ڕۆژی دووشەممە و پێنجشەممەدا کردەوەکانی مرۆڤ نیشان دەدرێت، من پێمخۆشە لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بم تا کردەوەکانم نیشان بدەن وە هەروەها ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموویت: ( سأل عن صوم یوم الاثنین: فقال: (ذلك یوم ولدت فیه و انزل علی فیه )** رواه مسلم. **واتە: پرسیاریان لێکرد دەربارەی ڕۆژی دووشەممەمان فەرمووی: " ئەوە ڕۆژێکە تیایدا لە دایك بووم و تیایدا قورئان نازڵ بوویە سەرم"**

**٣. ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژانی (١٥، ١٤، ١٣)ی هەموو مانگە کۆچییەکاندا سوونەتە. . . پێغەمبەر (ﷺ ) دەفەموویت: (صوم ثلاثة ایام من کل شهر صوم دهر کله )** متفق علیه.

**ئەم ڕۆژانە بە ڕۆژە سپییەکان ناسراون ( ایام البیض)، هەروەها دەفەموویت ( اذا صمت من الشهر ثلاثة ایام فصم ثلاثة عشرة و اربع عشرة و خمس عشرة )** رواه الترمذي. **واتە: ئەگەر سێ ڕۆژ ڕۆژووت گرت لە مانگێکدا ئەوا ڕۆژانی (١٥، ١٤، ١٣) ڕۆژوو بگرە.**

ڕۆژوو گرتنی (٦) ڕۆژ لە مانگی شەوال لە پاش ڕەمەزانەوە، مەرج نییە هەر شەشەکەی پێکەوە بێت (من صام رمضان ثم اتبعه ستا من شوال كان كصيام الدهر ) رواه المسلم.

٤. ڕۆژووی (عەرەفە) لە جەژنی قوربانداا بۆ ئەو حاجییانە نەبێت کە خۆیان لە حەجدان. پێغەمبەر (δ ) لەمبارەیەوە دەفەرمووێت: (يكفر السنة الماضية و الباقية ) رواه المسلم. واتە: ئەبێتە لێخۆش بوونی تاوانی ساڵی پێشوو ساڵی پاشتریش.

٥. کۆتایی ڕۆژی هەموو مانگە کۆچیەکان.

٦. ڕۆژووی (٩، ١٠) لە مانگی محرمدا واتە (تاسوعا و عاشورا) کە پێغەمبەر (δ) دەفەمویت (يكفر السنة الماضية) رواه المسلم.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەمویت: (صيام يوم عاشورا انى احتسب على الله ان يكفر سنة التى قبله) رواه الخمسة الا البخاري.

٧. باشترین ڕۆژووش بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر (δ) ڕۆژووی حەزرەتی داود بووە کە ڕۆژ نا ڕۆژێك ڕۆژووی گرتووە، پێغەمبەر دەفەرمووێت (δ ): ( احب الصيام الى الله صيام داود و كان يصوم يوما و يفطر يوما) رواه البخارى.

٨. ڕۆژووی (١٠) ڕۆژ لە مانگی (ذى الحجة) پێغەمبەر (δ) دەفەمووێت (ما من ايام العمل الصالح فيها احب الى الله من هذا الايام العشر) رواه البخاري.

٩. ڕۆژوو گرتنی مانگی شەعبان، خاتوو عائیشە دەفەمویت: (ما رايت رسول الله (δ) استكمل صيام شهر، إلا رمضان و ما رأيته اكثر صياما منه في الشعبان ) رواه الاربعة، واتە: هەرگیز پێغەمبەرم نەدیوە هیچ کام لە مانگەکان تەواوی ڕۆژەکانی بە ڕۆژوو بێت لەمانگی ڕەمەزاندا نەبێت، لە هیچ مانگێکی تردا وەك مانگی شەعبان ڕۆژووی زۆری نەگرتووە.

## ڕۆژووە قەدەغەکراوەکان

هەندێ ڕۆژ هەیە ڕۆژوو گرتن تیایاندا حەرامکراوە کە ئەمانەن:

١. ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان تەنها یەکەم ڕۆژی.

٢. ڕۆژووی جەژنی قوربان لەبەر ئەم فەرموودەیە: (نهی رسول الله (δ) عن صيام يومين، يوم الفطر و يوم الاضحى) پێغەمبەر (δ ) ڕۆژوو گرتنی دوو ڕۆژی قەدەغە کردووە ڕۆژووی جەژنی قوربان، ڕۆژووی جەژنی ڕەمەزان.

٣. ئەو سێ ڕۆژەی لە پاش جەژنی قوربان دێ کە بە (ايام التشريق) ناسراوە لەبەر ئەم فەرموودەیە: (عن عمر بن عاص (δ ) قال: فهذه ألأيام التى كان رسول اله (δ ) يأمرنا بافطارها و ينهانا عن صيامها. قال المالك: وهي ايام التشريق ) رواه ابو داود. واتە: عەمری کوڕی عاص دەڵێ پێغەمبەر فەرمانی پێکردین لەو سێ ڕۆژەی جەژنی قورباندا بەڕۆژوو نەبین

٤. حەرامە ڕۆژووگرتن لە ڕۆژە گومان لێکراوەکاندا کە بە (يوم الشك) ناسراوە، لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە دەفەرمووێت: ( من صام يوم الشك فقد عصى ابا القاسم ) رواه بخاري والترمذي. واتە: هەرکەس لە ڕۆژووی (شك) دا بە ڕۆژوو بێت ئەوا سەرپێچی باوکی قاسمی کردوە، کە پێغەمبەرە (δ).

## ئەو کەسانەی مۆڵەتیان پێدراوە ڕۆژوو نەگرن

ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەراپا پڕە لە ڕەحم و سۆز و ئاسانکاری، هەر ئەم شتانەش لە ڕۆژوودا دیارە، خوای گەورە مۆڵەتی داوە بە هەندێك کەس دەتوانن ڕۆژوو نەگرن لەوانە:

أ‌- کەسێك لەسەفەردا بێت.

ب- کەسێکی نەخۆش.

ت- پیرێك کە نەتوانێ بەڕۆژوو بێت.

پ- سکپڕی لە ئافرەتاندا.

ج- ئافرەتی شیردەر.

ح- خوێنی مانگانە و منداڵبوون.

خ- ترس لە مردن لە برسیەتی و تینویەتی زۆردا.

د- زۆرلێکردن بۆ شکان.

ژ- کەسێك لە سەفەردا بێت یاخود بیەوێت سەفەر بکات، ئەوا دەتوانێت ڕۆژوو نەگرێت، چونکە سەفەرکردن ناڕەحەتە وە ئەگەر ئەو کەسە بە ڕۆژووش بێت ئەوا ناڕەحەت تر دەبێت، بۆیە خوای گەورە مۆڵەتی داوە کە ڕۆژوو نەگرێت، خوای گەورە دەفەرموویت: (فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ). بەو مەرجەی پاشتر ڕۆژووەکەی بگرێتەوە و پشت گوێی نەخات، پێغەمبەری ئازیزیش ($\delta$) دەفەموێت: ( باشترین کەستان لە سەفەردا ئەو کەسەیە کە نوێژەکان کورت دەکاتەوە و ڕۆژوو ناگرێت ) رواه البخاري.

ر- کەسێك کە نەخۆشە وناتوانێت ڕۆژوو بگرێت لە بەر نەخۆشیەکەی ئەوە خوای گەورە مۆڵەتی داوە کە ڕۆژوو نەگرێت خوای گەورە دەفەرموویت: ( ولاتقتلوا انفسكم ان الله كان بكم رحيما )سورة النساء ٢٩

ز- پیرێکی پەککەوتەی کەنەفت پیاو بێت یان ژن، ئەتوانن بە ڕۆژوو نەبن بەلاّم لەبری هەموو ڕۆژێك دەبێت فدیە بدەن کە خواردنی هەژارێکە، ئیتر لە ماڵی خۆیاندا بێت یان لە بازاردا، خواردنێکی مامناوەندی نە زۆر گران نە زۆر هەرزان، خوای گەرە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ سورة حج ٧٨.

هـ. ئافرەتی سکپڕو شیردەر، ئەگەر لە خۆیان ترسان کە بە هۆی ڕۆژوو گرتنەوە دووچاری نەخوشی ببن، ئەوا دەتوان ڕۆژوونەگرن، و پاشتر بیگرنەوە، بەلاّم ئەگەر لە منداڵە کانیان ترسان بمرن لەبەر بیّ شیری و برسیتی یا خود نەخۆش بکەون. . . ئەوا دیسان دەتوانن ڕۆژوو نەگرن، بەلاّم دەبێت لە کاتێکی تردا ڕۆژووەکە بگرنەوە وەفیدیەشی بۆ بدەن کە ئەندازەی فیدیەکە صاع یکە، پێغەمبەر ($\phi$) دەفەرموویت: (ان الله عز وجل وضع للمسافر الصوم وشطر الصلاة، وعن الحبلى والمرضع) رواه النسائي.

خوای گەورە ڕۆژووی لەسەر گەشتیار (مسافر) لابردووەو دەتوانێت نوێژەکانیشی کورتبکاتەوە، هەروەها ئافرەتی سکپڕو شیردەریش.

س–   خوێنی مانگانه و منداڵ بوون له  ئافرەتدا، هۆیەکه بۆ شکاندنی ڕۆژوو ، خاتوو عائیشه خوای لێ ڕازی بێت  دەفەرموویێت: ( کان یصیبنا ذلك، فنؤمر بقضاء  الصوم، ولا نؤمر بقضاء الصلاة )متفق علیه.

واته: ئیمه توشی(حەین)و بێ نوێژی دەبوین، پێغەمبەر (δ) فەرمانی پێ دەکردین به گرتنەوەی ڕۆژوەکەمان بەڵام فەرمانی  نەدەکرد به گێڕانەوەی نوێژەکانمان.

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك که بەردەوام نەخۆشه و خۆینی هەیه، واته(مستحاضة) ئەوا نوێژ و ڕۆژووەکەشی لەسەر واجبه.

ش–   کەسێك له برساندا یان له تینویەتی دا خەریکه بمرێت ئەوا واجبه ڕۆژووەکەی بشکێنێت، یا خود ئەگەر کەسێك لەناو ئاودا بوو خەریك بوو دەخنکا، ئەگەر کەسێکی ڕۆژووەوان چاوی لێ بوودەبێت بچێت ڕزگاری بکات . ئەگەر پێویستی کرد دەبێت ڕۆژووەکەی بشکێنی.

ص–   ئەگەر کەسێك به ڕۆژوو بوو زۆریان لێکرد به لێدان و ئەشکەنجەدان که دەبێ ڕۆژووەکەی بشکێنی ئەوا دەتوانێ ڕۆژووەکەی بشکێنێ  و پاشان له کاتێکی تردا بیگرێتەوه.

## هەندیك ڕوونکردنەوەی پێویست

١. ئافرەت بۆی نییه بێ پرسی مێردەکەی ڕۆژووی سوننەت بگرێت، بەڵام ڕۆژووی فەرز پرسی ناوێت.

( عن ابی هریرة (χ) عن النبي(δ) قال: لاتصوم المرأة یوما واحدا و زوجها شاهد الا باذنه، إلا الرمضان )  رواه احمد

٢. ئەگەر کەسێك به ڕۆژووبوو له بیری چوو ئاوی خوارد یاخود نانی خوارد.. . ئەوا با ڕۆژووەکەی نەشکینێ چونکه ڕۆژووەکەی دروسته. . . پێغەمبەر(δ)دەفەموێت: ( اذ نسی احدکم او شرب فلیتم صومه فأنما اطعمه الله و سقاه )ئەگەر کەسێك له ئێوه له بیری چوو خواردنی خوارد و یا خود

شتێكی خواردەوە با ڕۆژووەكەی تەواو بكات ئەوە خوای گەورە  خواردن و خواردنەوی پێداوە.

٣. كەسێك كە مردووە هەندێك ڕۆژوو قەرزارە، ئەوا كەسوكارەكەی دەتوانن ڕۆژووەكەی بۆ بگرنەوە، بەڵگەی ئەمەش ئەم فەرموودەیەیە كە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە ( ان النبی (ﷺ)قالت: من مات و علیە صیام صام عنە ولیە ) وە هەر وەها ئەم فەرموودەیە: عن ابی عباس (رض) ان امراة جاءت إلى النبي ﷺ (فقالت یارسول اللة (ﷺ) ان امي ماتت و عليها صيام شهر، افاقضيه عنها؟ فقال: لو كان على امك دين اكنت تقضية قالت: نعم: قال: فدين اللة احق ان يقضى ﴾. واتە: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: دایكم مردووە و ڕۆژووی مانگێك قەرزارە ئەتوانم بۆی بگرمەوە؟ پیغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر دایكت قەرزی كەسێكی بەلاوە بێت بۆی دەدەیتەوە؟ ئافرەت كە وتی: بەڵی. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی كەواتە دەبیٚ قەرزی خوا چاكتر بدەیتەوە.

٤- كەسێك كە نەزری كردووە لە سەر خۆی بە ڕۆژوو گرتن ئەوە واجبە ڕۆژووەكەی بگرێت. . . وەكو نەزری كردووە ئەگەر كوڕەكەی بێتەوە لە جەنگ پێنج ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، ئەوا ئەو ڕۆژانە قەرزار دەبیٚ لە سەری.

## تەندروستی لە ڕۆژووگرتندا

پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەفەرموویٚت ( صوموا تصحوا ) رواة الطبراني.

واتە: ڕۆژوو بگرن لەشتان ساغ دەبێت ،زانستی ئەمڕۆش دەری خستووە كە ڕۆژوو زۆر بەسوودە بۆ نەخۆشییەكانی ( شەكرە، كۆئەندامی هەرس، كۆئەندامی زاوزیٚ، قەڵەوی، پەستانی خوێن ) بۆ پاراستنی ئەم لەش ساغییەمان پێویستە لە مانگی ڕەمەزاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەین:

١.   پارشێو كردن ئەگەر بە پارووییەكیش بێت باشە و نابێت تەنها پشت بە خواردنی بەربانگ ببەسترێت.

٢. خواردنەکانی پارشێو تا سووک بن باشترە و دەگونجێت خواردنی کولاَو بخورێت لەبری ماست و پەنیر.

٣. لەپارشێودا دەبێت پارێز بکرێت لەو خواردنانەی کە (میزهێنەر) ن وەك "چایی زۆر خواردن، سێو، شێلم، قاوە ".

٤. پارشێوان نابێت ئەو خواردنانە بخورێن کە مرۆڤ برسی دەکەن. چونکە لە ڕۆژەکەیدا ئەو کەسە برسیەتییەکی زۆر دەچێژێت وەك خواردنی " بەهارات، سوێری، ترشی جات "

٥. پارێز کردن لە خواردنی گەرم لە بەربانگ و پارشێودا چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی " دڵەکزێ" و بێزاری، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئاوی زۆر خواردنەوە لە بەربانگدا کە دەبێتە هۆی تێکچوونی گەدەو کەمی خواردن.

٦. نەخەوتنەوەی ڕاستەوخۆ لە دوای پارشێو. چونکە دەبێت هۆی (ژانە سك ) و لەناو گەدەدا " با " دروست دەکات.

٧. لە کاتی هەستان بۆ پارشێو خێرا نەچوونە سەر سفرە بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواوی هەبێت بۆ خواردنەکە و ئیشتیهای بکرێتەوە.

٨. پارێزکردن لە زۆر خواردن لە بەربانگدا، چونکە دەبێتە هۆی ماندوبوونی کۆئەندامی هەرس.

٩. ئەگەر بگونجێت هەر هەفتەی جارێك هێلکە یان گۆشت بخورێت چونکە ڕێژەیەکی زۆر (پرۆتین )یان تیادایە.

١٠. دوورکەوتنەوە لە زۆر خەوتن بە ڕۆژدا، چونکە ئەو کەسە سست و خەواڵوو دەبێت لە نرخی ڕۆژووەکەشی کەم دەبێتەوە.

## هەندێك لە ڕووداوە گرنگەکانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان.

١. هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز لە " لوح المحفوظ" بۆ "بیت العزە" لە ئاسمانەکانی دونیادا.

٢. هاتنه خوارەوەی قورئانی پیرۆز له "بیت العزه" ەوه بۆ سەر پێغەمبەری پێشەوا محمد(δ).

٣. ڕوودانی شەڕی بەدری گەورەی پیرۆز که له (١٧)ی ڕەمەزاندا بوو.

٤. ڕزگار کردنی مەککه له دەستی کافران له (٢٠)ی ڕەمەزانی ساڵی (٨)ی کۆچیدا.

٥. شکاندنی بتی گەوره (عوزا) له لایەن خالیدی کوڕی وەلیدەوه له (٢٥)ی ڕەمەزان ساڵی (٥)ی کۆچیدا.

٦. دابەزینی " پەراوەکانی ئیبراهیم "، تەورات و ئینجیل له مانگی ڕەمەزاندا

٧. ڕزگار کردنی ئەندەلوس لەلایەن طارقی کوڕی زیاد له ( ٢٨)ی ڕەمەزانی ساڵی (٢)ی کۆچیدا.

٨. ڕوداوی (عین جالوت ) به فەرماندەیی "سوڵتان قوطز" له (١٥)ی ڕەمەزانی ساڵی (٦٥٨)ی کۆچیدا.

٩. ڕودانی شەڕی زەلاقه له (٢٥)ی ڕەمەزانی ساڵی ( ٦٥٨)ی کۆچیدا.

١٠. بلاٌوبونەوەی ئاینی پێرۆزی ئیسلام له (یەمەن) ساڵی (١٠)ی کۆچی.

١١. هاتنی چەند نوێنەرێکی (طائف)له هۆزی (ثقیف) بۆ مەدینه و موسڵمان بوونیان له (٩)ی کۆچیدا.

١٢. له ساڵی یەکەمی کۆچیدا له مانگی ڕەمەزاندا پێغەمبەر (δ)(حەمزەی) نارد لەگەڵ (٣٠) پیاودا بۆ ئەوەی ڕێ له کاروانی قورەیشیەکان بگرن که له شامەوه دەهاتن و(ابو جهل) و (٣٠٠) کەسی هاوەڵی تێدابوو.

١٣. لەڕەمەزانی (٩٣) ی کۆچیدا بوو(موسای کوڕی نەصیر) به خۆی و سوپاکەیەوه له (جبل الطارق) پەڕینەوه.

١٤. له ڕەمەزانی (١٠)ی کۆچیدا پێغەمبەر (δ)(عەلی کوڕی ئەبو تالیبی) نارد بۆلای بەنی مرجع که قەبیەلەیەکی یەمەنی بوون بۆ ئەوەی موسڵمان بن و سەرەنجام موسڵمان بوون.

١٥. له ڕەمەزانی(١٦٨)ی کۆچیدا ڕۆمەکان ئەو پەیمانەی بەستبوویان لەگەڵ موسڵمانەکاندا هەڵیان وەشاندەوە وە کە صوڵحێك بۆ هارون بە فەرمانی باوکی کردبووی.

١٦. له(٦) ڕەمەزانی ساڵی (٢٢٣)ی کۆچیدا بوو خەلیفە معتصم جەنگی ڕۆمی و سامانێکی زۆر دەستی موسڵمان کەوت.

١٧. له ڕەمەزانی (١٤)ی کۆچیدا بوو(عبدالرحمن غافقی)له گەڵ سوپاکەیدا جەنگی (بلاد الفرنجة )ی دەست پێکرد و له ئەنجامدا له جەنگی (بلاط الشهداْ) شەهید بوو.

١٨. لەساڵی (١٩)ی کۆچیدا بوو سوپای (طارق کوڕی زیاد) و سوپای (زەریق) بە یەك گەیشتن لەنزیك دەریاچەی (خندە) لە ئەمجامدا موسڵمانان سەرکەوتن.

١٩. له ڕەمەزانی(٢٩٣)ی کۆچیدا (منصور محمد موڕی ابو عامر) دواهەمین جەنگی دەست پی کرد لە گەڵ کافرەکاندا و داوای کرد لەخوا کە خوا گیانی بکێشێت، ئەوەبوو لەو جەنگەدا بریندار بوو پاشان گیانی سپارد.

## ڕۆژی جەژن

ووشەی (عید)له زمانی عەرەبیدا بە مانای گەڕانەوە هاتووە. . . چونکە هەموو ساڵێك ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە. . . . خوایگەورە ئەم ڕۆژەی داناوە بۆ موسڵمانان تا لەو ڕۆژەدا بیکەن بە ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین بە بۆنەی ئەوەی توانیویان (مانگی ڕەمەزان)بە ڕۆژوو بن و ڕەزامەندی خوا دەست بخەن و زاڵ بن بە سەر نەفس و شەیتان و حەز و ئارەزووەکاندا، بۆیە دەبێت خۆشحاڵ بن لەو ڕۆژەدا.

ئەنەس دەفەرموێت: "کاتێك پێغەمبەر (ﷺ)هاتە مەدینە. مەدینەییەکان دوو ڕۆژیان هەبوو کە جەژن و خۆشیان تیادا دەکرد، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەردەمی نەفامیدا لەم دوو ڕۆژەدا یاریمان دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(خوای گەورە ئەم دووانەتان بۆ دەگێڕێت بە دوانی چاکتر لەمانە، ئەویش ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە ) رواه ابو داود.

سوننەتە لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا موسڵمان بەر لەوەی بڕوات بۆ نوێژی جەژن خۆی بشۆرێت و بۆنی خۆش لە خۆی بدات و چەند پارویەك خواردن بخوات، بەلاّم لە جەژنی قورباندا وانییە. ئەمەش لە بەر دەربڕینی جەژنە بە کردار پاشان بەرەو مزگەت بەڕێ بکەویت بە جلی جوان و بۆنی خۆش‌و سەر و ڕومەتی گەشاوەو گویٚ لە وتاری جەژن و بەشداری نوێژی جەژن بکات. گەردن ئازادی لە گەڵ برا موسڵمانەکانیدا بکات. سوننەتە لەو ڕێگەوە کە دەڕوات بۆ مزگەوت نەیەتەوە و لە ڕێگەیەکی ترەوە بچێتەوە بۆ ماڵ (کان الرسول (δ)اذکان یوم عید خالف الطریق ).

سوننەتە بە (الله اکبر) بچێت بۆ مزگەوت و لەو سەریشەوە بەهەمان شێوە بگەڕیتەوە بۆ ماڵ و گەردن ئازادی لەگەڵ ماڵ و منداڵ و دراوسیٚ و خزمانیدا بکات و جەژنی پێوە دیار بێت.

## نوێژی جەژن

نوێژی جەژن سوننەتێکی گەورە و پیرۆزە و پێغەمبەر (ϕ) زۆر جەختی لە سەر کردووە. کاتی نوێژی جەژن لە گەڵ هەڵهاتنی خۆری ئەو ڕۆژەدایە، باشتر وایە دوا بخرێت تا خۆر بە ئەندازەی ڕمێك لە سەر کێوەکان بەرزدەبێتەوە.

لە ڕۆژی جەژندا سەرەتا نوێژی جەژن دەکرێت بە کۆمەڵ و پاشان وتار بێژ دوو وتار پیشکەشی خەڵك دەکات، نوێژی جەژن بەو شێوەیە کە لە ڕکاتی یەکەمدا بەر لە خوێندنی سورەتی الفاتحە (٧) الله اکبر دەکرێت و لەنێوان هەموو (الله اکبر) یٚکدا ئەم ویردە دەخوێنرێت ( سبحان الله والحمد لله ولااله الله والله اکبر ) پاشان نوێژ خۆین هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە دەگەڕێتەوە سە ر حاڵەتی ئاسایی واتە دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دادەنێت، وە لەڕکاتی دووەمیشدا بە هەمان شێوە دەکات بەلاّم (٥) الله أکبر دەکات، بە پێی ئەم فەرمودەیە: ان الرسول (δ)کبر العیدین في الاولی سبعا قبل القراة و في الثانی خمسا قبل القرأة. رواه الترمذي.

له پاش نوێژەکە وتار خوین دەست دەکات بە وتارەکەی کە هەروەکو وتاری ڕۆژی هەینی وایە. لە سەرەتای وتاری یەکەمدا (٩) الله اکبر دەکات و لە وتاری دووەمدا(٧)الله اکبر دەکات.. . لە وتارەکانیدا باس لە برایەتی و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان دەکات و داوای گەردن ئازاد کردنییەکتریان لێ دەکات، وە کۆتایی وتارەکەی دەهێنی بە ( سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین والحمدلله رب العالمین ).

## ڕۆژوو لای ئیمامی غەزالی سێ پلەی هەیە

١) ڕۆژووی عموم: واتە: ڕۆژووی تیکڕای خەڵك کە خۆ گرتنەوەیە لە خواردن وخواردنەوە و ئارەزووی سێکسی.

٢) ڕۆژووی خصوص: واتە: ڕۆژووی تایبەت بە هەندێك کەس لە پارێزکاران کە گرتنەوەی "گوێ و چاو، دەست و قاچ و هەموو ئەندامەکانی تره "لە تاوان.

٣) ڕۆژووی خصوص خصوص: واتە: زۆر تایبەتی کە ڕۆژوو گرتنە بە دڵ و خۆ داڕنینە لە هەموو خەیاڵ و بە دواداچونێکی دنیایی و دوورکەوتنەوە لە هەموو فیکرەیەك جگە یادی خوا نەبێت.

ئیمامی غەزالی دەفەرموویێت "زۆریك لە خەڵك ئەمڕۆ کە ڕۆژوو دەگرن تەنها خواردن و خواردنەوە و جیماع لە خۆیان حەرام دەکەن، خۆیان ناگرنەوە لە تاوانەکانی (بیستن و بینین و. . . . . هتد)"

## پاش خۆیندنەوەی ئەم بابەتە

خۆینەری بەڕێز: لە پاش خۆیندنەوەی ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە بۆت ڕوون بویەوە کە ڕۆژوو چوار جۆری هەیە کە هەریەکەیان چەند جۆریکی لە خۆ گرتووە:

### ١) ڕۆژووی واجب، کەئەمیش سێ جۆرە

أ // ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بە حازر بێت یان قەرز بکرێتەوە.

ب// ڕۆژووی کەسێك کە نەزی کردووە بە ڕۆژوو بێت"

ج // ڕۆژووی کەفارەت، واتە: تاوانێکی کردووە کەفارەتەکەی بەڕۆژوو دەدات.

وەك: " سوێند خواردن بە درۆوە، کوشتن بە هەڵە، جیماع لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، ضهار، خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ﴾ المائدة ٨٩.

هەروها دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء ٩٢.

### ٢) ڕۆژووی سوننەت /

وەکو ڕۆژوو گرتنی ڕۆژانی "دووشەممە، پێنجشەممە، ڕۆژانی ١٥، ١٤، ١٣ ی هەموو مانگە کۆچیەکان و چەند ڕۆژوویەکی دیکەش.

### ٣) ڕۆژووی (مکروه):

ڕۆژوو گرتنی ڕۆژێك کە باش نییە بگیرێت وەك " ڕۆژوو گرتن لە هەیینی دا بە بێ ئەوەی ڕۆژێك لە پێشەوە یاخود ڕۆژێك لە پاشی یەوە بە ڕۆژوو بێت، ابو هُريرة(ϖ )لە پێغەمبەرەوە (δ ) دەفەمووێت: ( لا يصوم احدكم يوم الجمعة، الا ان يصوم يوما قبله او يوما بعده ) رواه البخاري.

واتە: باکەسێك لە ئێوە بە رۆژۆ نەبێت لە رۆژی هەینیدا مەگەر رۆژی پێشتری یان پاشتری بەرۆژوو بێت. .

### ٤) ڕۆژووی حەرام:

**وەك ڕۆژووگرتن لە یەكێك لەم ڕۆژانەدا (جەژنە ڕەمەزان، جەژنی قوربان، ڕۆژووی گومانلێكراو (یوم الشك )).**

**لە كۆتایی ئەم نامیلكە دا لە خوای گەرە و بالاّ دەست خوازیارین ڕۆژوو بەندایەتییەكەمان لێ قبولّ بفەرمووێت و پاداشتی هەموو خاوەن قەڵەمێك بداتەوە.**

## چەند پرسیار و وەڵامێك لەسەر مانگی ڕەمەزان

پ١/ بەپێی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ( ﷺ ) سێ شت هەیە لە ڕەوشتی پێغەمبەرانی پێشودا هەبووە، کامانەن؟

و// ١- درەنگ پارشێو کردن.

٢- زوو بەربانگ کردنەوە.

٣- پێشخستنی لای ڕاست بەسەر لای چەپدا.

پ٢/ کام فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەمەزان بە گەورەی مانگەکان ناو دەبات

و// (**سيد الشهور شهر رمضان وسيد الايام يوم الجمعة** ) رواه الطبراني

پ٣/ ئەو دەروازەی بەهەشت کە تایبەتە بە ڕۆژوو گران ناوی چییە؟

و//دەروازەی ( الريان ) واتە: تێرئاو .

پ٤/ لە ئیسلامدا چەند جۆر ڕۆژوو هەیە؟

و// چوار جۆر ( واجب، سوننەت، حەرام، مەکروە ).

پ٥/ کەی فەتحی شاری مەککەی پیرۆز کرا؟

و// ساڵی ( ٨)ی کۆچی لە ڕۆژی (١٠)ی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا.

پ٦/ کێ بتی ( عوزا )ی شکاند و کەی بوو؟

و// خالیدی کوڕی وەلید لە ( ٢٥) ڕەمەزانی ساڵی ( ٨) ی کۆچی

پ٧/ دوو ئایەت کە باسی شەوی ( قدر ) بکەن.

و// ﴿ **انا انزلناه في ليلة القدر** ﴾ سورة القدر ١، ﴿ **انا انزلناه في ليلة مباركة** ﴾ الدخان ٣.

پ٨/ ڕۆژووی واجب چەند جۆری هەیە؟

و// سێ جۆری هەیە

١- ڕۆژووی ڕەمەزان.

٢- ڕۆژووی کەفارەت.

٣- ڕۆژووی نەزر.

پ٩/ مەرجەکانی واجب بونی ڕۆژوو چی یە؟

و// سێ مەرج ( موسوڵمانیەتی، عاقڵیەتی، باڵغ بوون ).
پ١٠/ حوکمی درەنگ پارشێو کردن چی یە؟
و// سوننەتەو خێری زۆرە.
پ١١/ کەی ئیسلام لە وڵاتی یەمەندا بڵاو بویەوە ؟
و// لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ( ١٠) ی کۆچی.
پ١٢/ سوننەتە بە چی بەربانگ بکرێتەوە؟
و// هەتا بکرێت بە خورما.
پ١٣/ یوم الشك: کام ڕۆژەیە؟
و// ڕۆژی ( ٣٠ ) شەعبانە کەمانگ نەبینرێت و نازانرێت ڕەمەزانە یان نا.
پ١٤/ چەند جۆر کەفارەتی ڕۆژوو شکاندن هەیە؟
و// سێ جۆر
١- ئازاد کردنی کۆیلە.
٢- بەڕۆژووبوون.
٣- خواردن دان، ئەمانە بە پێی جۆری ڕۆژوو شکاندنەکە دەگۆڕێت.
پ١٥/ کێ و کەی ( ئەندەلوس ) ی ڕزگار کرد؟
و// طارقی کوڕی زیاد، لە( ٢٨) ی ڕەمەزانی ساڵی ( ٩٢ ) ی کۆچی.
پ١٦/ مەبەست لە وشەی ( الروح ) لە سورەتی ( قدر ) دا کێیە؟
و// جوبرەئیل ( سەلامی خوای لەسەر بێت ).
پ١٧/ حوکمی پەلەکردن لە بەربانگ کردنەوەدا چییە؟
و// سوننەتە.
پ١٨/ ڕوداوی ( عین جالوت) بە فەرماندەیی کێ بوو کەی ڕویدا؟
و// سوڵتان ( **قوطز** ) (١٥) ی ڕەمەزانی ساڵی ( ٦٥٨) ی کۆچی.
پ١٩ / کام دوعایە سوننەتە لە شەوانی ( **قدر** ) زۆر بخوێنرێت؟
و// ( **اللهم انك عفو تحب العفو فاعف عنى** ) رواه الترمذي.

**پ٢٠/ به چ عوزرێك موسوڵمان دەتوانێت به ڕۆژوو نەبێت؟**

**و// سەفەر، نەخۆشی، پیری، سكپڕی، شیردان، ترسی مرن لەبرساندا یان له تینواندا، ناچار كردن بەزۆر بۆ ڕۆژوو شكاندن.**

**پ٢١/ غەزای بەدری گەورە كەی ڕویدا؟**

**و// ڕۆژی هەینی ( ١٧) ی ڕەمەزانی ساڵی ( ٢) ی كۆچی.**

**پ٢٢/ مانگی ڕەمەزان چۆن دیاری دەكرێت؟**

**و// بەبینینی مانگ ئەگەر سایەقه بوو، ئەگەر هەور بوو مانگ نەبینرا به تەواو كردنی ( ٣٠) ڕۆژەی مانگی ( شەعبان ).**

**پ٢٣/ به كام ئایەت ڕۆژوو فەرز كرا؟**

**و// ﴿ يا ايها الذين امنوا كتب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم لعلكم تتقون ﴾ البقرة ١٨٣.**

**پ٢٤/ كەی ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەر موسوڵمانان فەرز كرا؟**

**و// ( ١٠ ) ی شەعبانی ساڵی ( ٢) ی كۆچی، له دوای گۆڕینی قیبله.**

**پ٢٥/ گەورەترین ڕوداو كه له ڕەمەزاندا ڕویدا چی بوو؟**

**و// هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەر ( $\delta$ ).**

**پ٢٦/ بۆنی دەمی ڕۆژەوان لای خوای گەورە له بۆنی چی خۆشترە؟**

**و// به پێی فەرمودەی پێغەمبەر له بۆنی میسك خۆشترە .**

**پ٢٧/ ئەو شته گەورە گەورانه چین كه لەگەڵ هاتنی ڕەمەزان ڕوو دەدەن؟**

**و//سێ شتن**

1- **دەروازەكانی بەهەشت دەكرێنەوە.**
2- **دەروازەكانی دۆزەخ دادەخرێن.**
3- **شەیتانەكان سنگ و كۆت دەكرێن .**

**پ٢٨/ حوكمی زۆر ئاوڕادانه ( دەم و لوت ) بۆ ڕۆژووگر چییە؟**

**و// كەراهەتی هەیه، واته باش نییه.**

**پ٢٩/ جەنگی زەلاقه له نزیك ( ئەندەلوس ) كەی ڕویدا؟**

**و// ( ٢٥) ی ڕەمەزانی ساڵی ( ٤٧٩ )ی كۆچی.**

پ٣٠ / كام فەرمودەی پێغەمبەر (δ ) دەیسەلمێنێت ڕۆژوو مایەی تەندروستییە؟

و// ﴿ **صوموا تصحوا** ﴾ رواه الطبراني.

پ٣١/ ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕەمەزاندا چۆنە؟

و// حەرامە ڕۆژویان تیادا بگیرێت.

پ٣٢/ حوكمی سیواك كردن بۆ ڕۆژوو گر چی یە ؟

و// تا بانگی نیوەڕۆ سوننەتە، لە دوای نیوەڕۆوە تا بەربانگ بەلای ئیمامی شافیعییەوە كەراهەتی هەیە.

پ٣٣/ حوكمی بۆنی خۆش لە خۆدان لە ڕەمەزاندا چی یە؟

و// كەراهەتی هەیە، واتە: باش نیە.

پ٣٤ر/ شەوی قەدری پیرۆز كام شەوەی ڕەمەزانە؟

و// بەڕای زۆربەی زاناكان شەوی ( ٢٧) ی ڕەمەزانە.

پ٣٥/ ڕەمەزان مانگی چەندەمی ساڵی كۆچی یە؟

و// مانگی نۆیەمەو لە نێوان ( شعبان و شوال ) دایە.

پ٣٦/ بە چەند شاهید بینینی مانگی ڕەمەزان دەسەلمێت؟

و// بە یەك شاهیدی پیاوی موسوڵمان بێ، عاقڵ بێ، باڵغ بێ، ڕاستگۆبێ.

پ٣٧ / ئیمامی شافیعی لە هەر ڕۆژێكی ڕەمەزان دا چەندە قورئانی خوێندووە

و// بە پێی گێڕانەوەكان لە ڕۆژێكدا خەتمێكی كردووە.

پ٣٨/ قنوت لە نوێژی تەراویح دا لە كەیەوە دەخوێنرێت؟

و// لە ( ١٥) ی ڕەمەزانەوە تا كۆتایی مانگەكە.

پ٣٩/ ئەو فەرمووده كامەیە دەیسەلمێنێت پارشێو بەرەكەتی تیایە؟

و// ﴿ **تسحروا فان في السحور بركة** ﴾ متفق علیه.

پ٤٠ / ڕۆژوو گرتنی پێغەمبەر داوود ( سەلامی خوای لەسەر ) چۆن بووە؟

و// ڕۆژ نارۆژێك بە ڕۆژوو بووە.

پ٤١/ كەی بتی ( لات ) شكێنرا؟

و// لە ڕەمەزانی ساڵی ( ٩) ی كۆچیدا بوو.

پ٤٢/ گەر بەربانگت لای كەسێك كردەوە سوننەتە چی بڵێیت؟

و// افطر عندكم الصائمون واكل طعامكم ألأبرار وصلت عليكم الملائكة.

پ٤٣/ فیدیەی ڕۆژوو لەسەر كێ واجبە؟

و// ئەو كەسانەی عوزری شەرعیان هەیە و ڕۆژوویان پێ ناگیرێت وەكو: پیری كەنەفت

پ٤٤/ ڕۆژووی ( **یوم الشك** ) حوكمی چۆنە؟

و// حەرامە مەگەر كەسەكە ڕۆژووی فەرزی لەسەر بێت، یاخود حاڵەتێكی تایبەتی ڕۆژووی سوننەتی هەبێت و نەكرێت لێی لابدات

پ٤٥/ حوكمی ڕۆژووگرتن بۆ ئافرەتێك لە بێ نوێژیدا بێت چۆنە؟

و// حەرامە بەڕۆژوو بێت.

پ٤٦/ چەند جار ناوی ڕەمەزان لە قورئاندا هاتووە، كام ئایەتە؟

و// یەك جار، ئایەتی ( ١٨٥) ی سورەتی ( **البقرة** ).

پ٤٧/ ڕۆژوەوان دوو شادی هەیە كامانەن؟

و// ١- خۆشی كاتی بەربانگ كردنەوە.

٢- خۆشی كاتی پاداشت وەرگرتنەوەی لە قیامەتدا.

پ٤٨/ بۆ ڕزگار كردنی كەسێك لە خنكان لە ئاودا ئایا دوستە ڕۆژوەوان ڕۆژوەكەی بشكێنێت؟

و// واجبە ڕۆژوەكەی بشكینێت بۆ ڕزگار كردنی ئەو كەسە لە مردن.

پ٤٩/ دوعای بەربانگ كردنەوە چییە؟

و// ﴿ اللهم لك صمت وعلى رزقك افطرت و عليك توكلت و بك امنت ذهب الضما و ابتلت العروق وثبت الأجر انشاء الله تعالى ﴾.

پ٥٠/ بە ئەنقەست سەرفیترە دان بخرێتە ڕۆژی دووەمی جەژن چۆنە؟

و// حەرامە بەئەنقەست دوا بخرێت.

## سەرچاوەکان:


- كفاية ألأخيار
- الفقه الاسلامي وأدلته
- الوجيز في أصول الفقه
- فقه الميسر
- كتاب فتح القريب
- فقه المرأة المسلمة

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| گەورەیی مانگی ڕەمەزان | ٥ |
| پێناسەی رۆژوو | ٦ |
| رۆژووی ڕەمەزان کەی فەرز کرا؟ | ٦ |
| رۆژووی ڕەمەزان لەسەر کێ واجبە ؟ | ٧ |
| مەرجەکانی دروستبوونی رۆژوو | ٨ |
| رۆژووی رەمەزان کەی واجب دەبێت؟ | ٨ |
| بۆچی ڕەمەزان لە ساڵی قەمەریدایە؟ | ٩ |
| پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان | ١٠ |
| فەرزەکانی رۆژوو | ١١ |
| بەتاڵکەرەوەکانی رۆژوو کە تەنها قەزاکردنەوەی پێویستە | ١٢ |
| بەتاڵکەرەوەکانی رۆژوو کە قەزاو کەفارەتیشی پێویستە | ١٤ |
| ئەو شتانەی باش نییە لە رۆژوودا بکرێن | ١٥ |
| سوننەتەکانی ڕۆژوو | ١٦ |
| پاداشتی ڕۆژوەوان | ١٩ |
| حیکمەت و سوودەکانی رۆژوو | ١٩ |
| سوودەکانی رۆژوو لە قیامەتدا | ٢٠ |
| سوودەکانی رۆژوو بۆ ئیماندار | ٢١ |
| سوودەکانی ڕۆژوو بۆ کۆمەڵگە | ٢١ |
| نوێژی تەراویح | ٢٢ |
| ئیعتکاف و مانەوە لە مزگەوتدا | ٢٤ |
| مەرجەکانی ئیعتکاف | ٢٤ |
| ئەو شتانەی ئیعتکاف بەتاڵ دەکەنەوە | ٢٤ |
| شەوی قەدری پیرۆز | ٢٥ |

| | |
|---|---|
| تایبەتمەندیەکانی شەوی قەدر | ٢٦ |
| شەوی قەدر کام شەوەیە؟ | ٢٦ |
| نهێنی دیاری نەکردنی شەوی قەدر | ٢٨ |
| سەر فیترەی رەمەزان | ٢٩ |
| واجب بوونی سەرفیترە | ٢٩ |
| سەرفیترە چۆن دەبێت و بە کێ دەدرێت؟ | ٣٠ |
| سەرفیترە نادرێت بە (٥ ) کەس | ٣٠ |
| رۆژووە سوننەتەکان | ٣١ |
| رۆژووە قەدەغە کراوەکان | ٣٢ |
| ئەو کەسانەی مۆڵەتیان پێدراوە ڕۆژوو نەگرن | ٣٣ |
| هەندێك ڕوون کردنەوەی پێویست | ٣٥ |
| تەندروستی لە ڕۆژوو گرتندا | ٣٦ |
| هەندێك لە ڕوداوە گرنگەکانی مانگی ڕەمەزان | ٣٧ |
| رۆژی جەژن | ٣٩ |
| نوێژی جەژن | ٤٠ |
| رۆژوو لای ئیمامی غەزالی | ٤٠ |
| پاش خوێندنەوەی ئەم بابەتە | ٤١ |
| چەند پرسیار و وەلآمێك | ٤٣ |
| سەرچاوەکان | ٤٨ |
| پێرستی بابەتەکان | ٤٩ |

# بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشک)

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر کەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەکەم" | جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەکەریم عەبدوڵلا |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان‌و سەرنج‌و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیست‌و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |